گوڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٣ ژ. ٢، ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة
e-ISSN: 2520-789X، CC BY-NC-ND 4. 0.المشاع الابداعي النسبي –
https://doi.org/10.25007/ajnu.v13n2a1872

# دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە یەکە فیدراڵییەکاندا، هەرێمی کوردستان وەك نمونە (توێژینەوەیەک کە لە تێزی ماستەرنامە وەرگیراوە)

بروا نەجات نەجم، بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا وزانستە سیاسیەکان وبەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، هەرێمی کوردستان-عێراق

پ. د: خامۆش عمر عبداللە، ڕاوێژکاری یاسای پەرلەمانی کوردستان- هەولێر- هەرێمی کوردستان- عێراق

**پوختە:**

لە سیستەمە جیاوازەکانی حوکم لە دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا یەکە پێکهێنەرەکان مافی بوونی دەستوور و دامەزراوە دەستوورییەکانی تایبەت بە یەکەکانیان هەیە، لە نێویاندا دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئاستی سەربەخۆیی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یەکە فیدراڵییەکان بە پێی دەستووری فیدراڵی دەگۆڕێت،و دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یەکە فیدراڵییەکان لە لایەك کاریگەری دەستووری فیدراڵی و لە لایەکی تر کاریگەری دەستووری یەکەکەی لەسەرە.

بە پێی دەستووری کۆماری عێراق ساڵی 2005 هەرێمەکان مافی بوونی دەستوور و دامەرزاوە دەستوورییەکانی تایبەت بە هەرێمەکەیان هەیە، لە ڕێکخستنی دەسەڵاتەکاندا هەرێمەکان سەربەخۆییەکی فراوانیان هەیە، لەگەڵ ئەوەدا بە هۆی دانەنانی دەستوور لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە پێی یاسای ئاسایی ڕێکخراوە ، ئەمەش دەسەڵاتی جێبەجێکردنی دووچاری گرفت کردووەتەوە.

**کلیلە وشەکان: یەکە فیدراڵییەکان، سەربەخۆیی خودی، دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەستووری یەکە فیدراڵییەکان.**

## پێشەکی

### بەرایی:

لە چوارچێوەی بنەمای سەربەخۆیی خودی یەکە فیدراڵییەکان، یەکەکان دەستوور و دامەزراوە دەستوورییەکانی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە دەسەڵاتەکان و ماف و ئازادییەکانی ڕێکخستووە، لە نێوانیاندا دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یەکەکە، ئەم ڕێکسختنە لە دەوڵەتێکی فیدراڵی بۆ دەوڵەتێکی ترو لە یەکەیەکی فیدراڵی بۆ یەکەیەکی تر جیاوازە، هەندێك جار لە نێوخۆی یەك دەوڵەتەدا جیاوازی لە ڕێکخستنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یەکەکاندا هەیە.

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان وەك یەکەیەکی فیدراڵی بەهۆی ئەو سەربەخۆییەی پێش گۆڕینی حوکم لە عێراقدا هەیبووە، دەستووری فیدراڵی تایبەتکاری و دەسەڵاتی فراوانی بۆ ڕێکخستنی پێداوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی دەستووری تایبەت بە هەرێمی کوردستان، دامەزراوە دەستوورییەکان بە یاسای ئاسایی ڕێکخراون و دووچاری گرفت بوونەتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر سەربەخۆیی خودی یەکە فیدراڵییەکان و دەستووری یەکە فیدراڵییەکان، هەروەها باسی چوارچێوەی یاسای دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێمی کوردستان بە هەڵبژاردن و دەسەڵاتەکانییەوە دەکەین،و گرفتەکانی ڕوون دەکەینەوە.

### کێشەی توێژینەوە:

گرفتی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە خستنەڕووی ئاستی سەربەخۆیی یەکە فیدراڵییەکان بۆ ڕێکخستنی دامەزراوە دەستوورییەکان، یەکێکی تر لە گرفتەکانی توێژینەوەکە خۆی لە دیاریکردنی چوارچێوەی دەستووری و یاسایی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستاندا وەك یەکەیەکی فیدراڵی دەبینێتەوە، لەگەڵ دیاریکردنی گرفتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی نەبوونی دەستوور.

**پرسیاری توێژینەوە:**

پرسیاری توێژینەوەمان لەچوارچێوەی ناونیشانی (دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە یەکە فیدراڵییەکاندا، هەرێمی کوردستان وەك نموونە)دا خۆی دەبینێتەوە لەوەی ئایا یەکە فیدراڵییەکان تا چ رادەیەك لە رێکخستنی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا سەربەخۆن؟ ئایا سرووشتی یاساکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستاندا چییە؟ هەروەها ئایا ئاستی رەوایەتی درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان چۆنە؟ ئایا رێکنەخستنی حکومەتی کاربەڕێکەر بۆشایی یاسایی لێکەوتووەتەوە؟

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا لە ژێر ناونیشانی (دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە یەکە فیدراڵییەکاندا، هەرێمی کوردستان وەك نموونە) لەپێناو خستنەڕووی زانیاریەکان بەشێوەیەکی ڕوون و زانستیانە، وەهەروەها گەیشتن بە ئامانجی ویستراو لە توێژینەوەکەدا پشتمان بە میتۆدی شیکاری بەستووە.

**چوارچێوەی توێژینەوە:**

چوارچێوەی توێژینەوەکە هەروەك لە ناونیشانی توێژینەوەکەدا هاتووە (دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە یەکە فیدراڵییەکاندا، هەرێمی کوردستان وەك نموونە) دوو رەگەز لەخۆدەگرێت، یەکەمیان تایبەتە بە سەربەخۆیی خودی یەکە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی و دەستووری یەکەکان، دووەمیان دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان لەخۆدەگرێت.

**گرنگی توێژینەوە:**

یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی سەربەخۆیی یەکە فیدراڵییەکانە، سەربەخۆیی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یەکە فیدراڵییەکان بە پێی دەستووری فیدراڵی و دەستووری یەکەکان جیاوازە، گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە بنەمای یاسایی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە یەکە فیدراڵییەکانداو خستنەرووی سروشتی یاسایی و گرفتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستاندا.

## 1 سەربەخۆیی یەکە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی

سەربەخۆیی یەکە فیدراڵییەکان بە پێی دەسووری دەوڵەتانی فیدراڵی جیاوازە، لەم بەشەدا بە سێ باس سەربەخۆیی خودی، دەستووری یەکە فیدراڵییەکان و دەستووری هەرێمەکان لە عێراقدا دەخەینەڕوو.

### 1.1 سەربەخۆیی خودی یەکە فیدراڵییەکان

ویستی یەکە پێکهێنەرەکان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی فیدراڵی بە واتای لەدەستدانی تەواوی سەربەخۆییان نییە،1 بەڵکو پارێزگاری لە بەشێکی زۆر لە سەربەخۆیی خودییان دەکەن جا بە شێوازی یەکگرتن یاخود هەڵوەشاندنەوە دروست بووبن،2 سەربەخۆیی یەکە پێکهێنەرەکانی لە رووی دەستوورو پێکهێنانی دامەزراوە دەستوورییەکان و دارایی دەگرێتەوە.

#### 1.1.1 سەربەخۆیی دەستووری

دەستوور ئەو کۆمەڵە رێسا یاساییە سیستەمی حوکم دیاری دەکات، لە لایەکەوە دەسەڵاتەکان و پەیوەندی نێوانیان رێکدەخات، لەلایەکی ترەوە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان و تاکەکان رێکدەخات و لە هەمان کاتدا ماف و ئازادییەکان رێکدەخات،3 کەواتە تا چەند بوونی دەستوور بۆ دەوڵەت گرنگ بێت، بە هەمان شێوە بۆ یەکە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی گرنگە،4و سەربەخۆیی دەستووری یەکە پێکهێنەرەکان لە رێکخستنی دەستووری فیدراڵی یەکەم رەگەزی سەربەخۆیی خودی یەکە پێکهێنەرەکانە.5

لەگەڵ هەبوونی دەستووری دەوڵەتی فیدراڵی هەر یەکەیەکی پێکهێنەری دەوڵەتی فیدراڵییەکی دەستوورێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە لایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە بە تەواوی ئازادییەوە دادەنرێت و هەمواردەکرێت بێ ئەوەی هیچ کۆتێکی بۆ دابنرێت جگە لەو کۆتانەی دەستووری فیدراڵی سەپاندوویەتی،6 واتا زیاتر لە دەستوورێك لەناو دەوڵەتە فیدراڵییەکەدا هەیە و هەر یەکەیەکی فیدراڵی دەستووری تایبەت بەخۆی هەیە لەگەڵ دەستووری دەوڵەتە فیدراڵییەکە، هەریەك لەو دەستوورانە تایبەتمەندی و دەسەڵاتی خۆی هەیە بەجۆرێك دەستووری یەکەکە تایبەتە بە خودی یەکەکە و لە ناو ئەو یەکەیەدا جێبەجێ دەکرێت، بە پێچەوانەی دەستووری دەوڵەتە فیدراڵییەکەوە کە لەسەر کۆی یەکەکانی دەوڵەتەکەوە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام نابێت دژیەکی لەنێوان دەستوورەکاندا هەبێت بە تایبەتی دەستووری

یەکەکان لەگەڵ دەستووری دەوڵەتی فیدراڵی لە بابەتە گشتییە سەروەرییەکاندا،7 بەم شێوەیە هەر یەکەیەك لە دەوڵەتە فیدراڵییەکە دەستووری تایبەت بەخۆی دەبێت و بە ئازادی لە سنووری ئەو دەستوورەی هەیەتی کارەکانی ئەنجام دەدات.8

بەشێك لە دەستووره فیدراڵییەکان بە روونی بە دەق دیاریيان کردووه کە هەموو یەکەکان مافی بوونی دەستووری تایبەت بە خۆیان هەیە، وەك دەستووری سویسری و دەستووری دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتوو،9 بەڵام هەندێك دەستووری تری دەوڵەتانی فیدراڵی لە ئاست پێدانی مافی یەکە پێکهێنەرەکانی بۆ بوونی دەستوور و هەمووارکردنی بێ دەنگ بوون، بۆ نموونە دەستووری بەلجیکی ساڵی 1994.10

بەشێوەیەکی گشتی یەکە فیدراڵییەکانی لە رووی دەستووریان بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکرێن، یەکەمیان ئەو دەستووره فیدراڵییانەن کە لەسەر یەکە فیدراڵییەکان سەپاندووه دەستووری تایبەت بەخۆیان دابنێن وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دووەمیان ئەو دەستووه فیدراڵییانەن رێگە بە یەکەکان دەدەن دەستووری خۆیان هەبێت، بەڵام ناچاریان ناکەن وەکو باشووری ئەفریقیا،و سێیەمیان رێگە بە یەکەکانیان نادەن دەستووری خۆیان هەبێت، وەك هندو نەیجیریا.11

دەستووری عێراقی ساڵی 2005 لە مادەی (120)دا مافی هەبوونی دەستووری سەربەخۆی بە هەرێمەکان داوە بە مەرجێك دژ یاخود پێچەوانەی دەستووری عیراق نەبێت.12

### 1.1.2 سەربەخۆیی لە دامەزراوە دەستوورییەکان ( سەربەخۆیی لە دەسەڵاتەکان)

هەموو یەکەیەك لە دەوڵەتی فیدراڵی هاوشێوەی هەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ دامەزراوەی دەستووری تایبەت بەخۆی هەیە کە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی کاروبارەکانی ناوخۆی یەکە فیدراڵییەکە، ئەوانەش دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریین.

#### یەکەم: دەسەڵاتی یاسادانان

لەگەڵ هەبوونی دەسەڵاتی یاسادانانی دەوڵەتی فیدراڵی هەر یەکەیەکی فیدراڵی دەسەڵاتی یاسادانانی تایبەت بەخۆی هەیە،13 ئەم دەسەڵاتە لە لایەن دانیشتووانی یەکەکەوە هەڵدەبژێردرێن و دەبنە نوێنەریان لە پەرلەمان بۆ ئەنجامدانی کاروبارەکانیان کە خۆی دەبینێتەوە لە دەرکردنی یاساکانی تایبەت بە یەکەکەو رێکخستنی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی،14و چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، زۆرینەی یاساکانی یەکەکان بە حوکمەکانی دەستووری فیدراڵی و دەستووری یەکەکە کۆتکراون،15 واتا ئەو یاسایانەی ئەم دەسەڵاتە دایاندەنێت دەبێت بە پێی حوکمەکانی دەستووری فیدراڵی و دەستووری یەکەکەبێت.

دەسەڵاتی یاسادانانی یەکە فیدراڵییەکان لە هەندێك دەوڵەتدا وەکو دەسەڵاتی یاسادانی دەوڵەتە فیدراڵییەکە لە دوو ئەنجومەن پێکدێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێك دەوڵەتی دیکە لە یەك ئەنجومەن پێکبێت، بۆ نموونە وەکو رێسایەکی گشتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەسەڵاتی یاسادانان لە تەواوی ویلایەتەکان لە هەردوو ئەنجومەنی پیران و نوێنەران پێکهاتووە، تەنها ویلایەتی نبراسکا نەبێت لە یەك ئەنجومەن پێکهاتووە، هەروەها دەستووری کەنەدای ساڵی 1867 سیستەمی یەك ئەنجومەنی لەسەر ویلایەتی ئۆنتاریۆ و سیسەمی دوو ئەنجومەنی بۆ ویلایەتی کیوبیك دیاری کردووە.16

چۆنیەتی پێکهێنانی دامەزراوەی یاسادانان لە یەکە فیدراڵییەکانداو میکانزیی کارکردن و دەسەڵاتەکانی لە یەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکی تر بە پشتبەستن بەو رێکخستنە دەستوورییەی لە نێو دەستووری ئەو یەکانە گیراوەتەبەر جیاوازە،17 بەڵام دەستووری فیدراڵی ئاستی سەربەخۆیی یەکەکان لە دەسەڵاتی یاسادانانیدا دیاریدەکات، دەستووری هەندێك دەوڵەتی فیدراڵی سەربەخۆیی زۆری بە یەکەکانی داوە و دەسەڵات و رێکخستن و میکانیزمی کارکردنی دەسەڵاتی یاسادادنی یەکەکانی بۆ خودی یەکەکان جێهێشتووە،18 بەڵام دەستووری فیدراڵی هەیە تەواوی دەسەڵات و رێکخستن و کارکردنی دەسەڵاتی یاسادانانی یەکەکانی رێکخستووە و بوارێکی ئەوتۆی بۆ دەستووری یەکەکان نەهێشتووەتەوە تا ئەو بوارە رێکبخەن.19

لە دەستووری عێراقی ساڵی 2005دا سەربەخۆیی فراوانی بە یەکەکان داوە و مافی پیادەکردنی دەسەڵاتی یاسادانانی بە هەرێمەکانداوە،و تەنها یەك کۆتی داناوە بە جۆرێك جگە لە تایبەتکارییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی تەواوی تایبەتکارییەکانی دیکەی پێداوە.20

#### دووەم: دەسەڵاتی جێبەجیکردن

یەکە فیدراڵییەکان لەگەڵ بوونی دەسەڵاتی یاسادانان دەسەڵاتی جیبەجێکردنی سەربەخۆیان هەیە، رێکخستن و دیاریکردنیان لەلایەن یەکەکانەوە دەبێت، بێ ئەوەی دەسەڵاتی فیدراڵی دەستێتێببخات، کە یاسا فیدراڵی و ناوخۆییەکان جیبەجێ دەکات و سەرپەرشتی بەرێوەبردنی یەکەکە و کۆی دامەزراوە و دەزگا کارگێرییەکانی دەکات،

هەروەها بودجەی گشتی ئامادە دەکات و وێنەی سیاسەتی گشتی یەکەکە لە رووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کارگێڕییەوە دەکێشێت،21 بێ ئەوەی چاودێری یاخود سەرپەرستی بکرێت لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە، لەبەرئەوەی پابەندە بە کارکردن لە چوارچێوەی دەستووری فیدراڵی.22

هەندێك دەستووری فیدراڵی چوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یەکە فیدراڵییەکان دیاری دەکات، بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا شێوەی کۆماری بەسەر هەموو ویلایەتەکاندا سەپاندووە،23و دەستووری سویسرا سیستەمی سیاسی دیموکراتی بۆ کانتۆنەکان مەرج وەرگرتووەو سەربەخۆیی بە یەکەکانی داوە،24 هەروەها دەستووری عێراقی ساڵی 2005 هیچ جۆرە سیستەمێکی حوکمی بۆ هەرێمەکان دیاری نەکردووە.

بەشێوەیەکی گشتی دیاریکردنی ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یەکە فیدراڵییەکان هاوشێوەی دەوڵەتانەو لە لایەن ئەنجومەنی یاسادانانی یەکەکانەوە یاخود لە ناوخۆی یەکەکە لە لایەن هاوڵاتیانی یەکەوە هەڵدەبژێردرێن،25 لە هەندی باردا حکومەتی فیدراڵی هەڵدەستێت بە دامەزراندنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یەکەکان، وەك لە دەستووری هندی ساڵی 1949دا هاتووە، ئەمەش بە مەترسی بۆ سەر سەربەخۆیی خودی یەکە فیدراڵییەکان دادەنرێت.26

لە دەستووری عێراق بە شێوەیەکی گشتی مافی سەربەخۆیی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی بە هەرێمەکان داوە بە مەرجێك لە سنووری حوکمەکانی دەستوور دەرنەچێت و ئەو تایبەتکارییانە نەگرێتەوە کە تایبەتن بە دەسەڵاتی فیدراڵی،27 واتە بە پێی دەستووری عێراق هەرێمەکان مافی بوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیان هەیەو جگە لە کۆتی دەرنەچوون لە حوکمەکانی دەستوور و بەکارنەهێنانی تایبەتکارییەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی سەربەخۆیی زۆرییان لە شێوازی حوکم و رێکخستن و دەسەڵاتەکاندا هەیە.

**سێیەم: دەسەڵاتی دادوەری**

لەبەرئەوەی یەکە فیدراڵییەکان دەستوور و دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەلاتی جێبەجێکردنی سەربەخۆی خۆیان هەیە بە شێوەیەکی گشتی ئەم یەکانە دەزگای دادوەری سەربەخۆ و پێکهاتەی دادوەری تایبەتیان هەیە بە پێی دەستووری فیدراڵی جگە لە دەزگا دادوەرییە فیدراڵییەکان، کە هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی دەستوورو یاسا تایبەتەکانی یەکەکە بە پێی رێکخستنی دەستووری و یاسایی تایبەت بە خۆی،28و جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵییەکان، هەروەها بڕیارەکانی ئەم دەزگایە ناتواندرێت تانەی لێبدرێت بەرامبەر هەر دادگایەکی دیکە.29

کارە دادوەرییەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دوو لایەن لەخۆدەگرێت، یەکەمیان دەسەڵاتە دادوەرییە فیدراڵییەکانە و لە ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دادگای باڵا و لە سویسرا بە دادگای فیدراڵی ناودەبرێت، کاری ئەم دادگایە بینینی ئەو بابەتانەیە جێگەی گرنگی پێدانی دەوڵەتە، وەکو کێشەی نێوان دەوڵەتی فیدراڵی و یەکەکان، یان یەکەکان لە نێوان خۆیاندا، یاخود لە نێوان دوو هاووڵاتی هەرێمی جیاواز، بەڵام لایەنی دووەم بریتییە لە دەسەڵاتی دادوەری یەکە فیدراڵییەکان، خۆی لە رێگەی دادگا تایبەتەکانی یەکەکانەوە دەبینێتەوە و یاساکانی یەکەکە جێبەجێ دەکات و لە مامڵانێ ناوخۆییەکانی یەکەکە دەڕوانێت.30

لەگەڵ ئەوەی بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی فیدراڵی مافی پێکهێنانی دەسەڵاتی دادوەرییان بە یەکەکان بەخشیوە، بەڵام دەستووری باشووری ئەفریقیای ساڵی 1996 مافی بوونی دەسەڵاتی دادوەری بە یەکەکانی نەداوە.

لە عێراق بە هەمان شێوەی سەربەخۆیی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن سەربەخۆیی دادوەری بە هەرێمەکان بەخشیوە بە پێی حوکمەکانی دەستوور، جگە لەو تایبەتکارییانەی تایبەتن بە دەسەڵاتی فیدراڵی.31

### 1.1.3 سەربەخۆیی دارایی

سەرچاوە داراییەکان بریتین لە پێویستییە سەرەکییەکانی سەرکەوتن و سەقامگیری حکومەتەکان، لەبەر ئەوەی بێ ئەوە ناتوانن ئەرکەکانیان ئەنجامبدەن،32 بۆیە بە خوێنی ژیان Life Blood ناوی دەبەن.33

بێ سەربەخۆیی دارایی ناکرێت لەسەر سەربەخۆیی خودی یەکە پێکهێنەرەکان بدوێین،34 بە هەمان شێوەی دەوڵەتان یەکە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی تەواوی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەیە و سەربەخۆیی دارایی گرنگییەکەی زۆری بۆ پێشکەوتنی هەیە، لەبەرئەوە بۆ هەڵسان بە کارەکانی و جێبەجێ کردنیان پێویستی بە داراییەکی بەهێزە، جا ئەو داراییە سەبەخۆییەکی تەواوبێت یاخود نیمچە سەربەخۆ بێت، بەڵام نابێت دارایی یەکەکە بە تەواوی پەیوەستی دەسەڵاتی فیدراڵی بێت.35

گرنگی سەربەخۆیی دارایی یەکە پێکهێنەرەکان پەیوەستە بە سەربەخۆبوونی یەکەکان لە دەوڵەتە فیدراڵییەکە،و توانای بوونی سەرچاوەی دارایی تایبەت و ئازاد لە بەکارهێنانی ئاستی سەربەخۆیی یەکە فیدراڵییەکە دیاریدەکات، کە یەکێکە لە رەگەزەکانی دەوڵەتی فیدراڵی.36

دەستووری عێراق ئاماژەی بە دیاریکردنی پشکی گونجاو لە داهاتدا بۆ هەرێمەکان کرووە بە جۆرێك بەشی ئەنجامدانی ئەرکەکانی بکات بە لەبەرچاوگرتنی داهات و پێویستییەکانی و ڕێژەی دانیشتوانی.37

## 1.2 ڕێکخستنی دەستووری یەکە فیدراڵییەکان

دوای بڵاوبونەوەی سیستەمی فیدراڵی، دەستووری یەکە فیدراڵییەکان نووسرایەوە، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی یەکە پێکهێنەرەکانی سیستەمی فیدراڵی، کە فاکتەرێکی ترە بۆ پاراستنی پێگەی یەکەکان.

یەکە فیدراڵییەکان وا وەسف دەکرێن کە کۆمەڵگەی سیاسیین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبیت جۆرێك لە دەستووریان هەبیت، مەرج نیە ئەو شێوەیە دیاری بکات کە یەکە فیدراڵییەکانی لەسەر دەوەستێت، چونکە ئەو شیوەیە بۆ هاوڵاتیان جیدەهێلریت، یا بۆ یەکە فیدراڵییەکان، هیچ دەستوورێکی نیشتمانیش نیە ڕێکخستنی دەستووری یەکەکان بە ڕەهایی جێبهێلێت، بێ ئەوەی لە دەستووری فیدراڵی ئاماژەی پێکرابێت.38

دەستووری یەکە فیدراڵییەکان بریتییە لە "بەڵگەنامەیەکی یاسایی نووسراو، دەسەڵاتە سیاسیەکانی یەکەکە دیاری دەکات، وا دەناسرێتەوە لە یاساکانی تری یەکەکە باڵاترە، بەشێوەیەکی سەرەکی ئامانجی دیاریکردنی سیستەمی حوکمڕانیە لە یەکەکەدا، هەروەها دانانی چوارچێوەی یاسایی مافی هاووڵاتیان لەنێو سنووری ئەو کیانە، هەروەها شوناسنامەی سیاسی کۆمەڵگەی خۆجێیی دیاریدەکات".39

یاخود بریتیە لە "زنجیرەیەك لە بنەما (فەرمی بیت یا نافەرمی) کە هەم دەسەڵاتی یەکە فیدراڵییەکان دەناسێنێت، هەم پارێزگارییان لێدەکات، بۆ پیادەکردنی پلەیەك لە سەربەخۆیی و ڕێکخستنی ئەو دەسەڵاتە سیاسیەی کە لەلایەن دەسەڵاتی فیدراڵییەوە پێیی بەخشراوە".40

دەستووری یەکە فیدراڵییەکان بەرئەنجامی ڕێککەوتنێکی سیاسییە، لەنێو دەستووری فیدراڵی دەوڵەت جێگەی کراوەتەوە، بەوەی کە یەکەکان مافی دەستووری تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەو ڕێککەوتنەش سیستەمێکی فرە ئاست دەخولقینی (لە گرنگترینیان ئاستی فیدراڵی و ئاستی یەکەکانە)، بۆیە مافی سەروەری لەنێوان ئەو دوو ئاستەدا دابەش دەکرێت.41

لەبەرئەوە دەستووری یەکەکان لقە دەستوورن، لە چوارچێوەی دەستووری فیدراڵی، حکومەتی یەکەکان لەسەر ئاستی یەکە دروست دەکات، لەتەك حکومەتی فیدرالی، بەڵام حکومەت لەهەردوو ئاستەکە سەربەخۆیی خودی خۆی هەیە، بەجۆرێك حکومەتی فیدراڵی بەگوێرەی دەستووری فیدراڵی هەڵسوکەوت دەکات، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ دەنگدەران هەیە، هەروەها حکومەتی یەکەکەش بەگوێرەی دەستووری یەکەکە کار دەکات و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دەنگدەرانی لە یەکەکەدا هەیە.42

دەستووری یەکەکان هاوشێوەی دەستووری فیدراڵی، بنەمای یاسایی پابەندکەر لەخۆدەگرێت،و پابەندبوون دەخاتە ئەستۆی دەسەڵاتدارە یەکەییەکان، هەروەها دان بە "ناسنامەی یەکەیی"دا دەنێت، بۆیە بەڵگەنامەیەکە بەهای یاسایی و سیاسی خۆی هەیە،و لە یاسای ئاساییەکانی فیدراڵی بەرزترە، بەهۆی ئەوەی بنەما و پرەنسیپە سەرەکیەکانی ڕێکخستنی بنەما سیاسییەکان لە یەکەکەدا ڕێکدەخات، لەبەرئەوە ڕۆڵێکی گرنگ لە سەقامگیری سیستەمی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی لەسەر هەردوو ئاستی فیدراڵی و یەکەکان دەگێڕێت.43

پانتایی دەستووری یەکەکان لەسەر چوار فاکتەر وەستاوە44:

1. تواناو هێزی نوێنەری دانوستانکاری یەکەکان، بەبەراورد بە دانوستانکارانی دەوڵەتی فیدراڵی.
2. شێوازی پێکهێنانی دەوڵەتەکەو ڕاسپاردنی دەسەڵاتەکان تیایدا.
3. پێویستی داڕشتنی ڕێوشوێنی ناهاوتا، بەجۆریك یەکەیەك بەشێوەیەکی ڕێژەیی پانتاییەکی دەستووریی زیاتری لە یەکەکانی تر دەبێت. (فیدراڵی ناهاوتا)
4. ئەو ئامانجەی دەستووری یەکەکەی لەسەر بونیادنراوە، یا بۆ ئامانجی داننان بووە بە جیاوازیی، یا جەخت کردنەوە بووە لە یەکێتی نیشتمانی و زیادکردنی لیهاتوویی دەوڵەت.

بەڵام ئەو پانتاییەی بە دەستوری یەکەکان دەدرێت، ئەمانە (ئەگەرچی لەهەموو حاڵەتێکدا وانیە) دەگرێتەوە45:

1. توانایی لە داڕشتنی دەستوور.
2. توانایی لە هەموارکردنی دەستوور.

3. توانایی لە گۆڕینی دەستوور.
4. توانایی لە دیاریکردنی ئامانجەکانی حکومەت.
5. توانایی لە دیاریکردنی مافەکان، کە یەکە فیدرالیەکە دەیانپارێزێت.
6. توانایی لە داڕشتنی پەیکەری دام و دەستگا حکومیەکانی یەکە فیدراڵییەکە، لەنێویشیاندا ئاخۆ ئەنجومەنی یاسادانان لە یەك یاخود دوو ئەنجومەن پێکدێت.
7. توانایی لە دیاریکردنی پرۆسەی دانانی یاساکانی یەکەکە.
8. توانایی لە دروستکردنی دام و دەستگاکان.
9. توانایی لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان.
10. توانایی لە دیارکردنی ڕێگەکانی دیاریکردنی فەرمانبەرە گشتییەکان.
11. توانایی لە دیارکردنی ماوەی ویلایەتی پۆستەکان.
12. توانایی لە دیارکردنی زمانی فەرمی.
13. توانایی لە دیاریکردنی میکانیزمی دیموکراتیەتی ڕاستەوخۆ.
14. توانایی لە دروستکردنی پەیکەری حکومەتە خۆجێییەکان.
15. توانایی لە دیاریکردنی هاوڵاتیانی یەکە فیدراڵییەکە.
16. توانایی لە دیاریکردنی مەرجەکانی دەنگدان.

دەستووری یەکەکان بۆ ڕێگەدان بە پیادەکردنی دەسەڵات و سەربەخۆیی خودی میکانیزمێکی گرنگە، واتە بڕیاری پیادەکردنی حوکمە لەلایەن یەکە فیدرالییەکان،و پاراستنیان لە ڕێگەی دەستووری تایبەت، هەروەها دەستوورە خۆجێییەکان ڕێگە بە هاوڵاتیان دەدات سروشتی دامەزراوەیی بە دەسەڵاتەکەیان ببەخشن.46

زۆربەی جارەکان سیستەمی سیاسی یەکەکان وەك سیستەمی سیاسی دەوڵەتی فیدرالی بووە، واتە ئەگەر دەوڵەتە فیدرالیەکە سیستەمی سەرۆکایەتی وەرگرتبێت، یەکەکانیش سیستەمی سەرۆکایەتیان وەرگرتوە، یا پەرلەمانی بێت یەکەکانیش پەرلەمانی بوونە، تەنها لە (بابوا غینیای نوێ) کە سیستەمی پەرلەمانی وەرگرتووە، بەڵام یەکەکان سیستەمی نیمچە سەرۆکایەتییان وەرگرتووە، هەروەها لە باشووری ئەفریقیا کە سیستەمی پەرلەمانییە، هەرێمی کوانزولو ناتال سیستەمی پاشایەتی وەرگرتووە.

## 1.3 دانانی دەستووری هەرێمەکان لە عێراقدا

ڕێگەی دانانی دەستوری هەرێمەکان لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە شێوازەکانی دانانی دەستووری ویلایەتەکان لە ئەمریکا بەر لە پێکهێنانی فیدراڵی، وابەستەی دۆخی مێژوویی و سیاسی تایبەت بەخۆی بوو، بۆیە دەبینین بەهەمان ئەو شێوازە دانەنراوە کە دەستووری فیدراڵی پیدانراوە، واتە لە ڕێگەی کۆمەڵەیەکی دامەزرینەری تایبەت، بەڵکو زۆرینەیان لە ڕێگەی ئەنجومەنی یاسادانان دانراون، جگە لە ویلایەتی ڤێرجینیا نەبێت، چونکە دەستوورەکەی لەلایەن کۆنگرێسی ویلایەتەکەوە دانرا،و گەل لە ڕێگەی ریفراندۆمەوە پەسندی کرد.47

دەستووری عێراقی ساڵی 2005 لەسەر هەرێمەکانی سەپاندووە کە دوای پێکهینانیان دەستوری تایبەت بەخۆیان دەربکەن، ئەوەش بەڕوونی لە دەقی ماددە (120)ی دەستوور هاتووە، بەڵام یاسادانەری دەستووری، نەچۆتە نێو وردەکاری شێوازی دانانی دەستووری هەرێمەکان، تەنها کۆتێکی گشتی هێناوە، کە ئەمیش ئەوەیە نابێت دەستووری هەرێمەکان لەگەڵ دەستووری فیدراڵی ناکۆك بن، ئەوەش بەرئەنجامی پرەنسیپی باڵایی دەستوری فیدراڵییە.48

یاسای ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی تایبەت بە پێکهێنانی هەرێمەکان ژمارە (13)ی ساڵی 2008، شێوازی دانانی دەستووری هەرێمەکانی دیاریکردووە.

لە مادەی (18)ی یاساکەدا هاتووە ئەنجومەنی یاسادانانی ڕاگوزەری هەرێم لە ماوەی یەك مانگ لە یەکەم دانیشتنییەوە لیژنەیەکی کاتی بۆ ئامادەکردنی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی هەرێمەکە پێکدەهێنێت، پێویستە لیژنەکە لەماوەی چوارمانگ لە ڕۆژی پێکهێنانییەوە نووسراوی ڕەشنووسی دەستوورەکە بخاتە بەردەم ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێمەکە بۆ گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی بە زۆرینەی رەها،و لەگەڵ دەستووری فیدراڵی پێچەوانە نەبێت، لە کۆتاییدا دەخرێتە ڕاپرسی گەلەوەو ڕاپرسییەکەش بە زۆرینەی دەنگی دەنگدەران سەرکەوتوو دەبێت.49

بەگوێرەی دەستوور هەرێمەکان بۆیان هەیە دەستووری تایبەت بەخۆیان دەربکەن، کە پێکهاتەی دەسەڵاتەکان و تایبەتمەندییەکان و ماف و ئازادییەکان رێکبخات، پێدانی مافی دەستووری سەربەخۆ بۆ هەرێمەکان و رێکخستنی دامەزراوە دەستوورییەکان، تەنها بۆ هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو بۆ ئەو هەرێمانەشە کە لە داهاتوودا لە عێراقدا پێکدەهێندرێن.

هەتا نووسینی ئەم توێژینەوەیە مافی بوونی دەستووری هەرێمەکان لە عێراقدا پیادە نەکراوە، لەبەرئەوەی هەرێمی نوێ لە عێراقدا پێکنەهێنراوە، هەروەها هەرێمی کوردستان وەك تاکە یەکەی فیدراڵی لە عێراقدا دەستووری تایبەت بەخۆی دانەناوە، بەڵکو چەند هەوڵێك بۆ دانانی دەستووری هەرێمی کوردستان هەبووە، بەڵام تەنها پرۆژە بوونەو نەبوون بە دەستوور.

هەوڵەکانی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، لە دیارترین هەوڵە نافەرمییەکان یەکەم هەوڵی نافەرمی پرۆژەی دەستووری ساڵی 1992 لە لایەن (دکتۆر نوری تاڵەبانی) پێشکەش بە پەرلەمان و حکومەتی ئەوکات کرا، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەوکاتەوە پەرلەمان و حکومەت نەیاتوانی کارەکانیان ئەنجام بدەن، پرۆژەیەکی تر لە لایەن دکتۆر نوری تاڵەبانی و فرسەت ئەحمەدەوە لە ساڵی 2003 ئامادەکرا، بە هەمان شێوە وەك پرۆژە مایەوە و پەسەند نەکرا.50

یەکەم هەوڵی فەرمی پێش گۆڕینی سیستەمی حوکم لە عێراقدا لە ساڵی 2002دا بوو، پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی سەرۆکی پەرلەمان و چەند پەرلەمانتارێك و چەند شارەزایەکی یاسایی بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان پێکهێنا، دوای رێککەوتنی پارتە سیاسییەکان پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (26) لە (2002/11/7) پرۆژەی دەستوورەکەی پەسەند کرد.

دوای گۆڕینی شێوزای حوکم لە عێراقدا، پەرلەمان کوردستان لە ساڵی 2005 دا بە بڕیارێك لیژنەیەکی بۆ نووسینەوەی پرۆژەیەکی تری دەستووری هەرێمی کوردستان پێکهێناو لە کۆتایی ساڵی 2006دا کۆتایی بە پرۆژەکە هێنراو بڵاوکرایەوە، دواتر لە ساڵی 2008 هەمان لیژنە گۆڕانکاری لە چەند مادەیەکی پرۆژەی دەستوورەکە کردو پێشکەشی پەرلەمانی کردەوە و پەرلەمان یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2008ی "یاسای پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان"ی دانا، لە دوایین جاردا ئەو یاسایە هەموار کرایەوە بە یاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2009ی "یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای پەسندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان ژمارە (16)ی ساڵی 2008"و بە پێی ئەو یاسایە پێویست بوو پرۆژەکە لە بەرواری 2009/7/25 بکرێتە راپرسییەوە، لەبەرئەوە پرۆژەکە بە پرۆژە دەستووری ساڵی 2009 دەناسرێت، بەڵام کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان پۆزشی هێنایەوە بۆ ئەنجامدانی راپرسییەکە لەکاتی خۆیدا،و پەرلەمان یاسای ژمارە (10)ی ساڵی 2009ی "یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای پەسەندکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان ژمارە (16)ی ساڵی 2008"دەرکرد، کە تایبەت بوو بە هەڵوەشاندنی کاتی راپرسی لەسەر دەستوور لە بەرواری 2009/7/25، لەگەڵ ئەوەدا وادەی راپرسییەکەی بە هاوئاهەنگی بە سەرۆکایەتی پەرلەمان وسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان سپارد، ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان لایەنەکان بووە رێگر لە ئەنجامدانی راپرسی لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێم.

دوای ململانێی لایەنە سیاسییەکان و رێککەوتن لەسەر گەڕاندنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی ساڵی (2009)، جارێکی دیکە بە پێی یاسای ژمارە (19)ی ساڵی 2013ی "یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق" دەبوو لە ماوەی (2013/8/20) تاکو (2015/8/19) پرۆژە دەستووره بە سازان هەمواربکرێتەوە، بەڵام لایەنە ساسییەکان نەگەیشتنە سازان لەسەر پرۆژەکە.

لە درێژەی هەوڵەکاندا پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (2015)ی "یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق بۆ راپرسی" دەرکرد، دوای پێکهێنانی لیژنەی تایبەتمەند بە نووسینەوەی دەستوور، نەتوانرا لە ماوەی دیاریکراو کە (90) رۆژ بوو کارەکانیان تەواو بکەن، هەروەها بەهۆی پەکخستنی پەرلەمانەوە نەتوانرا ئەو ماوەیە درێژبکرێتەوە، تاوەکو ئێستا کارەکانی نووسینەوەی دەستوور بە هەڵواسراوی ماوەتەوە.

دوایین پرۆژە کە بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی ساڵی 2009 دەناسرێتەوە، پێکهاتەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێمی کوردستانی بۆ دوو جەمسەری سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران دیاریکردووە، بە نزیکەیی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەمان رێکخستنی یاسایی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی "یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق"و یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 1992 "یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان"ی هەیە، لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا بە وردی دەیانخەینەڕوو.

## 2 دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان وەك تاکە یەکەی فیدراڵی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا دامەزراوە دەستوورییەکانی تایبەت بە خۆی هەیەو پیادەی تایبەتکارییەکانی دەکات، لەم بەشەدا سێ باس دەخەینەڕوو، یەکەمیان ڕێکخستنی پێگەی یاسایی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دووەمیان ڕێکخستنی یاسایی ئەنجومەنی وەزیران،و لە کۆتاییدا گرفتەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان دەخەینەڕوو.

### 2.1 ڕێکخستنی یاسایی پێگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ئەم تەوەرە سێ بەشی سەرەکی لەخۆدەگرێت:

#### 2.1.1 چوارچێوەی یاسایی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

لە سیستەمی فیدراڵی عێراقدا لە چوارچێوارچێوەی چەسپاندنی بنەمای سەربەخۆیی خودی یەکە پێکهێنەرەکان و بەخشینی ئەو مافە بە یەکە پێکهێنەرەکان دەستوور بە دەقی روون ئەم بابەتەی یەکلاکردووەتەوە، بە شێوەیەك بە پێی دەستوور ماف بە هەرێمەکان دەدات پیادەی دەسەڵاتەکانی یاسادنان و جێبەجێکردن و دادوەری بکەن بە مەرجی ئەوەی لە چوارچێوەی دەستووری فیدراڵی بێت و تایبەتکارییە دیاریکراوەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی نەگرێتەوە.51

دامەزراوە دەستوورییەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی 1992هوە کارابووە، واتە پێش ئەوەی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا کارابێت، بۆیە دەبینین لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق 2004 بە لێکەوتی گەڕاوە بۆ سەرەتای دەستبەکاربوونی دان بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستاندا دەنێت، بە هەمان شێوە لە دەستووری عێراقی ساڵی 2005دا دان بە هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکەیدا دەنێت وەك یەکەیەکی فیدراڵی و بە روونی بە لێکەوتی گەڕاوە ئاماژە بە کارکردن بە یاساکانی هەرێمی کوردستان دەکات کە لە ساڵی 1992هوە دەرکراون.52

دەستووری کۆماری عێراق هەروەك چۆن مافی بە هەرێمی کوردستان داوە دامەرزاوە دەستوورییە هەرێمییەکانی هەبێت، مافی بوونی دەستووری سەربەخۆی پێداوە، بە مەرجی ئەوەی سنووری ڕێگەپێدراوی حوکمەکانی دەستووری فیدراڵی نەبەزێنێت،53 بەڵام هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا خاوەنی دەستووری تایبەت بە خۆی نییە، تەنها چەند پڕۆژەیەکی دەستووری هەبووە، بۆیە دەبینین تەواوی دامەزراوە دەستوورییەکان بە یاسای ئاسایی کە مۆرکی دەستوورییان هەیە ڕێکخراون، لە نێویاندا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران.

#### 2.1.2 هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

دیاریکردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە یەکەکاندا لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر جیاوازە، بە پێی دەستووری ویلایەتی ساراواك لە مالیزیا حاکمی ویلایەت لە لایەن حاکمی باڵاوە دادەمەزرێندرێت بە راوێژ لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ویلایەتەکە،54 لە هند حاکم لەلایەن سەرۆك کۆمارەوە دادەمەزرێندرێت،55 بە پێی دەستووری کەنەدا سەرۆکی ویلایەتەکان بە جێگری حاکم ناودەبرێن و لەلایەن حاکمی گشتییەوە دادەمەزرێندرێن،56 بەڵام لە هەێمی کوردستان هەڵبژاردنی سەرۆك ڕێکخستنی جیاوازی بۆ کراوە، یان راستەوخۆ هەڵبژێرداوە یاخود لە لایەن پەرلەمانەوە هەڵدەبژێردرێت.

یەکەم یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1992، بە بڕیاری سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی عێراق یاسای هەڵبژاردنی رابەری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردی دەکرد،57 دواتر پەرلەمانی کوردستانی لە ساڵی 2005دا یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراقی دەرکرد.58

بە پێی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005 سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ویلایەتی یەکەم لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵبژێردرا،59 هەروەك پڕۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)ی یەکشەممە ڕێککەوتی (2005/6/12)دا هاتووە، بە روانین لە پڕۆتۆکۆلەکە تێبینی دەکرێت یەك پاڵێوراو بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە ڕێککەوتنی لایەنەکان هەبووە و پاڵێوراوی دیکە نەبووە، دەرگای خۆپاڵاوتن نەکراوەتەوە بۆ ئەوانەی خوازیاری خۆپاڵاوتنن بۆ ئەو پۆستە.60

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2009دا بە پێی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق هەموارکراو بە دەنگدانی گشتی و نهێنی و راستەوخۆ لە نێو خەڵکەوە هەڵبژێردرا.61

بە پێی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی (2019) "یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندکردنی دەستوور"، سەرۆکی هەرێم بە هەمان دەسەڵاتەکانی پێشترەوە لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت،62 واتە تەنها شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان گۆڕاوە.

بە پێی ئەم یاسایە رێکارەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە کردنەوەی دەرگای خۆپالاوتن لە ماوەی (30) رۆژ لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەست پێدەکات،63 لە بەرواری کردنەوەی دەرگای خۆ پالاوتن ، ئەو کەسانەی خوازیاری خۆ کاندید کردنن پێویستە لە ماوەی (3) رۆژدا داواکاری و سیڤی خۆیان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکەن،64و سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ماوەی (2) رۆژ دوای داخستنی دەرگای خۆپالاوتن ناوی ئەو پاڵێوراوانە رادەگەیەنێت مەرجە یاساییەکانیان تێدایە، لە باروودۆخێکدا ئەگەر پەرلەمانی کوردستان ناوی هەر یەکێك لەو کەسانەی رانەگەیاند کە داواکاری پێشکەش کردووە، ئەو کەسە دەتوانێت لە بەرواری راگەیاندنی ناوی کاندیدەکان لە ماوەی (2)رۆژدا لە بەردەم دادگای تەمیز تانەی لێبدات،و دادگای تەمیز لە ماوەی (2) رۆژدا داواکە یەکلایی دەکاتەوەو بڕیاری دادگا لەو بارەیەوە بنبڕە.65

سەرۆکی هەرێم لە ماوەی سێ رۆژ لە رۆژی دەرکردنی بڕیاری دادگا لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە دەنگدانێکی ئاشکراو بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت، لە کاتێکدا هیچ کام لە کاندیدەکان دەنگی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانیان بەدەست نەهێنا، کێبڕکێکە دەچێتە خولی دووەم، کێبڕکێ لە نێوان ئەو دوو کاندیدەدا دەبێت کە زۆرینەی دەنگیان بە دەستهێناوە، لە دەنگدانی دووەمدا ئەو کاندیدەی زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت دیبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە ئەگەری تەنها یەك کاندید بۆ پۆستەکە بە هەمان شێوە دەنگدانی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت،و کاندیدەکە بە بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگی پەرلەمانی دەبێتە سەرۆکی هەرێم،66 لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین ئەم یاسایە چارەسەری بەدەستنەهێنانی زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمانی لە لایەن تاکە کاندیدی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە نەکردووە.

حاکمی ویلایەتی ساراواکی مالیزیا پێش ئەوەی دەستبەکاربێت لە پۆستەکەی بە ئامادەبوونی سەرۆکی دادگا یاخود دادوەرێکی دادگای باڵا سوێند دەخوات،67 جێگری حاکم لە ویلایەتەکانی کەنەدا پێش دەستبەکاربوونیان لەبەردەم حاکمی گشتی یان کەسێک کە لەلایەن ئەوەوە رێگەی پێدراوە سوێند دەخۆن،68 لە هەرێمی کوردستان دوای ئەوەی پاڵێوراوێك بە سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێت و پێش دەستبەکاربوونی لە ئەرکەکانیدا، لە رۆژی هەڵبژاردنییەوە لە ماوەی 7 رۆژدا لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان سوێندی یاسایی دەخوات.69

### 2.1.3 دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پیادەی چەندین دەسەڵات دەکات، ئەو دەسەڵاتانە چەند بوارێکی جۆراوجۆر دەگرێتەوە:

**یەکەم: دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بواری دامەزراوەکان:**

- سەرۆکی هەرێمی لە کارەکانی پەیوەست بە دامەزراوەی پەرلەمان چەند دەسەڵاتێکی هەیە، لەوانە بانگهێشتکردنی پەرلەمانی کوردستانە لە ماوەی 10 رۆژ لە بەرواری راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەوە بۆ یەکەم کۆبوونەوەی دوای ئەنجامدانی هەر خولێکی هەڵبژاردن،70 هەروەها سەرۆك دەسەڵاتی دەرکردنی فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی لە چەند باروودۆخێکی دیاریکراودا هەیە،71 ئەگەر پتر لە نیوەی ئەندامانی پەرلەمان دەستیان لەکارکێشایەوە، ئەگەر لەماوەی (45) رۆژدا لە بانگهێشت کردنی بۆ کۆبوونەوەی خولی هەڵبژاردن، ژمارەی یاسایی ئەندامان بەدەست نەهات، ئەگەر پەرلەمان متمانەی بە ئەنجومەنی وەزیران لە سێ پێکهاتەی وەزاری جیاوازی یەك لەدوای یەکدا نەدا، ئەگەر سیستەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان گۆڕا، خولی هەڵبژاردنیش (6)مانگ یان کەمتری مابوو.

- دەسەڵاتەکانی پەیوەست بە دامەزراوەی ئەنجومەنی وەزیران خۆی دەبینێتەوە لە راسپاردنی ئەو کاندیدەی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ناوی لێنراوە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەکەی لە ماوەی (30) رۆژدا،72 هەروەها بانگهێشتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کۆبوونەوەی ناچاری بکات،و گفتوگۆ لەسەر هەندێ پرسی دیاریکراو بکەن، لەگەڵ ئەوەدا سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە دەکات.

**دووەم: دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بواری یاسادانان**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان چەند دەسەڵاتی گرنگی لەم بوارەدا هەیە، یەکەمیان پێشنیارکردنی پرۆژەی یاساو بڕیارەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێمی بۆ پەرلەمانی کوردستان،73 دووەمیان مافی دەربڕینی نارەزایی لەسەر تەواوی ئەو یاسایانە هەیە کە پەرلەمان دایان دەنێت، بە مەبەستی چاوپێخشاندنەوەی بیگەڕێنێتەوە بۆ پەرلەمان، سێیەمیان دەرچواندنی یاسا و بڕیارە یاساییەکانە لە ماوەی 15 رۆژدا،74 هەروەها دەرکردنی بڕیاری سروشت یاسایی لە باروودۆخی نائاساییدا.75

**سێیەم: دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بواری دادوەری**

سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی لێبوردنی تایبەتی هەیە، بەڵام ڕێکخستنی لێبوردنی تایبەت لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە بە یاسا سپاردووە،76 هەروەها دەسەڵاتی پەسەندکردنی حوکمی لە سێدارەدان یان سوککردنی بۆ بەندکردنی هەتاهەتایی هەیە،77

**چوارەم: دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بواری سەربازی**

سەرۆکی هەرێم بە ڕەزامەندی پەرلەمان لە کاتی پێویستدا ڕێگە بە هێزە چەکدارەکانی فیدراڵ بدات بێنە ناو هەرێمەوە،78 هەروەها "سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە بە ڕەزامەندی پەرلەمان هێزەکانی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێت".79

سەرۆکی هەرێم دەسەڵاتی بەخشینی ڕوتبەی سەربازی بە ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی هەرێم و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەیە،و دەسەڵاتی دەرکردن و خانەنشینکرنیانی بە پێی یاسا ڕەچاوکراوەکان هەیە.80

**پێنجەم: چەند دەسەڵاتێکی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بواری جیاوازدا**

جگە لەو دەسەڵاتانەی لە بوارەکانی دامەزراوەکان و یاسادانان و دادوەری و سەربازی ڕوونمانکردەوە، سەرۆکی هەرێم چەند دەسەڵاتێکی تری هەیە، وەك ڕاگەیاندنی باری نائاسایی،81 نوێنەرایەتیکردنی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی ناوخۆو و هەماهەنگیکردن لە نێوان دەسەڵاتە فیدراڵییەکان و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان،82 بەخشیی نیشان و مەدالیا،83 و دامەزراندن و لادانی پلە تایبەتەکان بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران،84 هەروەها دامەرزاندنی دادوەران و سەرۆك و ئەندامانی داواکاری گشتی دوای پاڵاوتنیان لە لایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە هەیە.85

## 2.2 چوارچێوەی یاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دوو جەمسەری دەسەڵاتی جێبەجێکردنن لە هەرێمی کوردستاندا، لە تەوەری یەکەمدا چوارچێوەیی دەستووری و یاسایی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانمان روون کردەوە, ئەنجومەنی وەزیران هەمان چوارچێوەی دەستووری و یاسایی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی هەیە.

بە پێی یاساکانی هەرێمی کوردستان سیستەمی دوانەیی دسەڵاتی جێبەجێکردنی وەرگرتووە، کە سەرۆکی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانن، ئەنجومەنی وەزیران لە سیستەمی پەرلەمانیدا بە تەنها جێبەجێکردنی دەکەوێتە ئەستۆ و بەرامبەر بە پەرلەمان بەرپرسیارە.86

بە هۆکاری نەبوونی دەستووری هەرێمی کوردستان ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی دامەزراوە دەستوورییەکانی تری هەرێمی کوردستان بە یاسای ئاسایی ڕێکخراوە، ئەویش یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 1992ی "یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان" هەموارکراوە.

### 2.2.1 میکانیزمی پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

لە سیستەمە پەرلەمانییەکاندا ڕێگەی هەڵبژاردنی سەرۆك وەزیران جیاوازە، هەندێك جار سەرۆکی دەوڵەت سەرۆك وەزیران دیاری دەکات، بەڵام لە دواجاردا پەیوەستە بە ویستی پەرلەمانەوە، بەو پێیەی هەندێك جار لە لایەن پەرلەمانەوە دیاریکردنی سەرۆك وەزیران قۆرخ دەکرێت،87 ماف و ڕۆڵی سەرۆکی دەوڵەت لە دامەزراندن یاخود دیاریکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا ڕەها نییە، بەڵکو لە لایەن پارتی زۆرینە یان هەڵبژاردنی بە ڕەزامەندی زۆرینەی پەرلەمانییەوە کۆتکراوە،و پێویستی پشت بەستنی حکومەت بە زۆرینەی پەرلەمانی گرەنتی بەردەوامی دەکات.88

یەکەم هەنگاوی پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە ناونانی بەرێزێر بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەست پێدەکات،و هەر خۆی دەسەڵاتی دیاریکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی هەیە جا چ لە ناوخۆی پەرلەمان بن یاخود لە دەرەوەی پەرلەمان،89 دواتر سەرۆکی هەرێم هەمان بەرێزێری پەرلەمان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەی وەزاری ڕادەسپێرێت بە مەرجێك لە ماوەی (30) ڕۆژ تێپەڕ نەکات.90

کاتێك بەرێزێری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دیاری دەکرێت، ئەو بەرێزە هەڵدەستێت بە دیاریکردنی وەزیرانی کابینەکەی و لەگەڵیدا بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرن، لەگەڵ ئەوەی بەرێزێری سەرۆك وەزیران لە رووی دەستووری و یاساییەوە لە هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنەکەی دەسەڵاتی فراوانی لە دیاری کردن و هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنەکەی هەیە، بەڵام لە رووی کردارییەوە ئەم دەسەڵاتە بەهۆی سیستەمی حیزبییەوە کۆتکراوە و ڕەها نییە، بەرێزێری سەرۆکی ئەنجومەن زۆرینەی جار نوێنەری حیزبی خاوەن زۆرینەی پەرلەمانی یاخود نوێنەری یەکێك لەو حیزبانەیە زۆرینەی پەرلەمانیان پێکهێناوە، بۆیە ئەو حیزبانەی بەشدارن لە پێکهێنانی کابینەکە ناچنە ژێر ڕکێفی ویستی بەرێزێرەوە و خۆیان نوێنەر بۆ بەرکەوتەی وەزاییان دیاری دەکەن.91

متمانە بەخشین بە کابینەی بەرێزێری پۆستی سەرۆکی ئەنجومەن لە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستاندایە، و دەسەڵاتی ناولێنان و بەرێزیکردنی ئەندامانی ئەنجومەنەکەی بە بەرێزێری سەرۆکی ئەنجومەن داوە،[92] بە هەمان شێوە لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە "باوەڕدان بە ئەندامانی ئەنجومەن، یەکە یەکەو لەسەر خواستی سەرۆك دەبێ".[93]

## 2.2.2 دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان

ئەنجومەنی وەزیران دەستەیەکی کارگێری و جێبەجێکاری باڵایە لە دەوڵەتدا،و لەسەر ئاستی دامەزراوە سیاسییەکان لە سیستەمی پەرلەمانیدا بێت یاخود سیستەمی تێکەڵاو، تەنها کاری جێبەجێکردنی یاساکان نییە، بەڵکو وینەی سیاسەتی گشتی دەکێشێت و دەستێشخەری یاسایی هەیە.

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پیادەی ژمارەیەك تایبەتکاری دەکات، ئەو تایبەتکارییانە بوارەکانی سیاسی، یاسادانان و جێبەجێکردن دەگرێتەوە.

**یەکەم: تایبەتکاریە سیاسییەکانی ئەنجومەنی وەزیران**

دەستووری فیدراڵییەکان لە پێدانی تایبەتکارییەکانی پەیوەندییەکانی دەرەوە بە یەکەکان جیاوازن، دەستوورەکانی باشووری ئەفریقیا و هندو مالیزیا بە روونی پەیوەندییەکانی دەرەوەیان لە ریزی تایبەتکارییە فیدراڵییەکان داناوەو بوارێکی کەمیان بۆ یەکە فیدراڵییەکان هێشتووەتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە دەستوورەکانی سویسراو ئەڵمانیاو بەلجیکا دەسەڵاتێکی فراوانیان بە یەکەکانیان بەخشیوە.

بە پێی دەستووری عێراق هەرێمی کوردستان نوێنەرایەتی لە بوارەکانی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە نێو کۆنسوڵخانەکانی حکومەتی ناوەندیدا دەکاتەوە ئەمە تاکو ئێستا جێبەجێ نەکراوەو یاسای بۆ دەرنەکراوە، نووسینگەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە لە رووی مادی و یاساییەوە لەسەر حکومەتی ناوەندی نییە، پەیوەندییەکانی دەرەوەو هێزە چەکدارەکان لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە،و لە تەوەری پێشتر ئاماژەمان پێدا.

لەسەر ئاستی ناوخۆ یەکێك لە دەسەڵاتە گرنگەکانی ئەنجومەنی وەزیران دانان و سەرپەرشتی کردنی سیاسەتی گشتی هەرێمی کوردستانە، دوای بریاردانی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە.[94]

لە هەرێمی کوردستان لایەنی تایبەتمەند بە جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانە،[95]و وەزیرەکان بە هاوبەشی لەسەر سیاسەتی گشتی وەزارەت لەبەردەم پەرلەمان بەرپرسن،[96]و هەروەزیرێك لە سنووری پەیوەست بەکاری وەزارەتەکەیەوە بەرپرسی راستەوخۆیە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی، واتە بە جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی کۆتایی بەو کارە نایات بەڵکو پێویستی بە چاودێرییە کە ئەرکی پەرلەمانە.

**دووەم: تایبەتکارییەکانی ئەنجومەنی وەزیران لە بواری یاسادانان**

یەکێك لە تایبەتکارییەکانی ئەنجومەنی وەزیران یاسادانانە، بەشێوەیەکی گشتی یەکەمین تایبەتکاری یاسادانانی ئەنجومەنی وەزیران تایبەتە و خۆی لە پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەن دەبینێتەوە کە بەپێی ئەو پەیرەوە و لەسەر ئەو بنەمایە ئەرکەکانی پیادە دەکات، تایبەتکاری دووەم گشتییەو بریتیە لە بریارەکان، ئەنجومەنی وەزیران دوو جۆر لە بریار دەردەکات، یەکەمیان پەیرەوو بریتییە لە بریارە کارگێرییە رێکخستنییەکان و دووەمیان رێنماییەکانەو بریتین لە بریاری کارگێری رێکخستنی.[97]

هەروەها ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی ئامادەکردن و پیشنیارکردنی پرۆژە یاساکانی بۆ پەرلەمانی کوردستان هەیە،[98] کە یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی دەسەڵاتی جیبەجێکردن بۆ بەدیهێنانی سیاسەتی گشتی، هەروەها بەرێوەبردنی دەوڵەت بە شێوەیەکی بەردەوام پێویستی یاسای نوێ هەیە، لەگەڵ هەمووارکردنەوەی یاسا بەرکارەکان، کە زۆرینەیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش دەکرێن، بۆ نموونەلە دەوڵەتاندا زۆرینەی ئەو یاسایانەی پەرلەمان دایناون سەرچاوەکەی حکومەتە، لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ساڵانی (2006-2010) لە کۆی (186)یاسا (147)یاسایان سەرچاوەکانیان پرۆژە یاسای حکومەت بووە، بە نزیکەی لە 80%ی یاساکان دەکات،[99] بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئامارەکان جیاوازە، بۆ نموونە لە ساڵی 2019 بۆ 2020 لە کۆی 78 دەستپێشخەری یاسایی پێشنیارکراو بۆ پەرلەمان 74یان لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بوونە، تەنها 4یان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بووە، هەروەها لەو دەستپێشخەرییە یاساییانە 14 دەستپێشخەرییان بوون بە یاسا، کە 10یان دەستپێشخەری ئەندامانی پەرلەمان و 4یان دەستپێشخەری ئەنجومەنی وەزیران بووە.[100]

بە پێی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم دەسەڵاتی ئامادەکردنی بودجەی گشتی بە ئەنجومەنی وەزیران سپاردووە،[101] بەڵام لە ساڵی 2013هوە هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسای بودجەی نییە، ئەمەش یەکێکە لە گرفتەکانی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان لەو ماوەیەدا هیچ لێپرسینەوەی لەو ئەرکەی حکومەت نەکردووە،و حکومەت بێ پرۆژەی بودجە ئەرکەکانی خۆی رادەپەڕێنێت.

### سێیەم: تایبەتكارییەكانی ئەنجومەنی وەزیران لە بواری جێبەجێكردن و كارگێڕی

یەكێك لە دەسەڵاتەكانی ئەنجومەنی وەزیران "جێبەجێكردنی یاساكان و پاراستنی ئاسایشی هەرێم و پارێزگاریكردن لە مافەكانی هاوڵاتیان و ماڵ و موڵكە گشتییەكان و بەرژەوەندییەكانی گەلی كوردستانی عێراق"ه.102

هەروەها ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی پێدراوە بۆ "رێ نیشان دان و سازكردن و بەدوا داچوونی كارو فرمان و وەزارەتەكان و دایرەكان و دام و دەزگا گشتی یەكان"،103

یەكێكی تر لە دەسەڵاتەكانی ئەنجومەنی وەزیران دامەزراندنە، هەروەك لە مادەی (8) بڕگەی (11)س دەسەڵاتەكاندا هاتووە "دامەزراندنی فەرمانبەران و بەڕێوەبەرە گشتی یەكان و دەرهاوێشتن و لەكارخستنی و خانەنشین كردنیان و بە پێی یاسا"،104 پێدانی ئەم مافە بە ئەنجومەنی وەزیران بۆ سەرپەرشتیكردنی تەواوی دەزگا كارگێڕییەكانە بە لقەكانیانەوە،105 تێبینی دەكرێت ئەم دەسەڵاتەی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت نییە، بەڵكو بە هاوبەشی پەرلەمانی كوردستانە لە رێگەی دانانی یاساوە.

## 2.2 گرفتەكانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن لە هەرێمی كوردستان

بە هۆكاری یاسایی یان سیاسی دەسەڵاتی جێبەجێكردن گرفتاری چەند گرفتێك بووەتەوە، لەم تەوەرەدا دوو گرفتی دەسەڵاتی جێبەجێكردن لە هەرێمی كوردستاندا دەخەینەڕوو.

### 2.2.1 گرفتی درێژكردنەوەی ماوەی ویلایەتی سەرۆكی هەرێمی كوردستان

لە سیستەمەكانی حوكمڕانییدا سەرۆكایەتی بێت یاخود پەرلەمانی، دەستوور ماوەی ویلایەتی سەرۆكی دەوڵەت دیاری دەكات بە چەند ساڵێك تا لەو ماوەیەدا ئەركەكانی رابپەڕێنێت،106 لە دیاریكردنی ماوەی سەرۆكایەتیدا جیاوازی هەیە و هەوڵدراوە ماوەی سەرۆكایەتی ئەوەندە درێژ نەبێت كاریگەری لەسەر ویستی دەنگدەر هەبێت، یان ئەو ماوەیە ئەوەندە كورت بێت سەرۆك فریای ئەنجامدانی پلان و بەرنامەكانی نەكەوێت.

ماوەی ویلایەتی سەرۆك بە دوو جۆر دیاری دەكرێت، یەكەمیان جیاوازی دەسەڵاتی جێبەجێكردنە لە دەسەڵاتی یاسادان، تێیدا ویلایەتی سەرۆك جیاوازو سەبەخۆیە لە ویلایەتی دەسەڵاتی یاسادانان، دووەمیان ماوەی ویلایەتی دەسەڵاتی جێبەجێكردن و یاسادانان پێكەوە بەستراوەو ماوەی ویلایەتی سەرۆك پەیوەستە بە ماوەی ویلایەتی دەسەڵاتی یاسادانانەوە.107

لە یەكە فیدراڵییەكاندا ماوەی ویلایەتی سەرۆك دیاریكراوە، بۆ نموونە ماوەی ویلایەتی حاكمی ویلایەتی ساراواك 4 ساڵە،108 بەڵام لە هند و كەنەدا ماوەی ولایەتی حاكمەكان 5 ساڵە،109 هەروەها دەستووری ویلایەتەكانی نیویۆرك، میسیسیپی، واشنتن و پێنسلڤانیا ماوەی چوار ساڵیان بۆ خولێكی حاكمی ویلایەت دیاری كردووە،110 بەڵام ویلایەتی ئەریزۆنا ماوەی ویلایەتی حاكمی بە دوو ساڵ دیاریكردووە.111

یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ماوەی ویلایەتی سەرۆكی بە چوار ساڵ دیاریكردووە، مافی گرتنەدەستی پۆستەكەی بۆ ماوەی دوو خول بە یەك كەس بەخشیوە،112 بەڵام بەپێی یاسای كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 2019 مادەی پێنجەم بڕگەی یەكەم ماوەی ویلایەتی سەرۆك هەرێم پەیوەستكرا بە ماوەی ویلایەتی پەرلەمانی كوردستانەوە.

لە ساڵی 2013دا پەرلەمانی كوردستان بە یاسایەك ویلایەتی سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆ ماوەی دوو ساڵ درێژكردەوە لە بەرواری (2013/8/20) تاكو (2015/8/19).113

لە رووی بابەتییەوە یاساكانی هەڵبژاردن رێسای پەیوەست بە چۆنیەتی پیادەكردنی دەسەڵات و دەستاودەست كردنی رێكدەخات و لە ئاستی دەستووردایە، بەڵام لەرووی شێوەییەوە ناگات بە پێگەی دەستوور،114 پێوست بوو لە پێشتردا دەستووری هەرێمی كوردستان دەرچووایە، لە بارودۆخێكدا كە هەرێمی كوردستان دەستووری نییە و بۆشایی دەستووری دروست بووە، ئەو یاسایانەی دەسەڵاتەكانی رێكخستووە لە نێویاندا سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان كە سروشتێكی دەستووری هەیە، پێویستە لە لایەن تەواوی دەسەڵاتەكانی هەرێمی كوردستانەوە رێزی لێ بگیرێت.

دادگای فیدراڵی باڵا لە چەند بڕیارێكدا جەخت لەسەر پابەندبوون بە ماوەی ویلایەتی هەڵبژێدراوەكان دەكاتەوە، كۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە كۆتایی هاتنی ویلایەت و پێشێل كردنی پێشێل كردنی ویستی گەلە،115 واتا درێژكردنەوەی خولی پەرلەمان نا یاساییەو نابێت ماوەی خولی پەرلەمان هەتا بۆ یەك رۆژ درێژ بكرێتەوە،116

لە ڕووی یاساییەوە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی (2005) بە دەنگدانی نهێنی و گشتی و ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرا، یاساکە ماوەی ویلایەتی سەرۆکی دیاریکردووە و هیچ ئاماژەیەکی پەیوەست بە درێژکردنەوەی ویلایەتەکەی تێدانییە،و لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە بۆمان دەردەکەوێت درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم یەکێك نییە لە دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان، هەروەها لە بارودۆخێکی ئاساییدا بووە.

## 2.2.1 چەمکی حکومەتی کاربەڕێکەر لە هەرێمی کوردستان

حکومەتی کاربەڕیکەر حکومەتێکی کاتییە، پیادەی کەمترین دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی بۆ بەردەوامی کارگێڕی و سەرباری گشتی دەکات، تا پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، ناتوێنێت هەڵسێت بە گۆڕانکاری لە بارودۆخی بەرپا و ئەو کارانەی دەرئەنجامی سیاسییان لێدەکەوێتەوەو ئەو کارانەی سروشتی داهاتوویی و چارەنووس سازیان هەیە، ئەمە وەزارەتی کارگێڕییە و کارە پێویست و خێراکان ئەنجام دەدات نەك حکومەتێك دەسەڵات تەواو.117

هەندێك جار لە هەرێمی کوردستان حاڵەتی هاتنە کایەی حکومەتی کاربەڕێکەر هاتووەتە پێشەوە بە شێوازی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە یاساییەدا کراوە، چونکە لەسەر ئاستی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستاندا تایبەتکاری و کاری دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان ڕێکخراوە، بەڵام لە هیچ کام لەو یاسایانەدا بە ڕوونی بابەتی حکومەتی کاربەڕێکەر ڕێکنەخراوە، تەنها ئاماژە بە هۆکارەکانی کەوتنە باری حکومەت بۆ حکومەتی کاربەڕێکەر کراوە، وەك دەستلەکارکێشانەوە و متمانە لێوەرگرتنەوە، بێ ئەوەی ئاماژە بە کەوتنە باری حکومەت بۆ حکومەتی کاربەڕێکەر بکات و دەسەڵاتەکانی دیاری بکات.

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی 2018 مادەی (75)دا هاتووە "ئەگەر پرساندن بە وەرگرتنەوەی متمانە، لە سەرۆك وەزیران کۆتایی پێهات، ئەوا کابینەی حکومەت، بە دەست لەکارکێشراوە هەژمار دەکرێت و وەك حکومەتی کاربەڕێکەر بەردەوام دەبێت، تا ئەو کاتەی بە پێی یاسا کارپێکراوەکان، کابینەی نوێ پێکدەهێندرێت." لەگەڵ ئەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا دەستەواژەی حکومەتی کاربەڕێکەری بەکارهێناوە، بەڵام لە لایەك بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان حکومەتی کاربەڕێکەر ڕێکنەخراوە و پەیڕەوی ناوخۆ هەموو هۆکارەکان و ماوە و تایبەتکارییەکانی حکومەتی کاربەڕێکەری لە بارودۆخی ئاسایی و نا ئاساییدا دیاری نەکردوە، کە لە ڕووی بنەمای پلەبەندی (تدرج)هوە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە خوار دەستوور و یاساوەیە، لەبەرئەوە باشترە ئەو بابەتە بە یاسا ڕێکبخرێت، هەروەها پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بۆ ڕێکخستنی کاری پەرلەمان و ئەندامەکانیەتی و ناکرێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن پابەندی جێبەجێکردنی بکرێت.118

پێشتر ڕوونمانکردەوە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان متمانە لە پەرلەمانی کوردستانەوە وەردەگرێت،و دوای وەرگرتنی ئەو متمانەیە پیادەی تایبەتکارییە دەستووری و یاساییەکانی دەکات،و پەرلەمانی کوردستان چاودێری بڕیارو ئەدای دەکات،119 واتە حکومەت لەماوەی بوونی پەرلەمان کە چاودێری کارەکانی دەکات دەسەڵاتی تەواوی هەیە،و لەگەڵ کۆتایی هاتنی خولی هەڵبژاردنی پەرلەمان و کۆتایی هاتنی چاودێری لەسەر کارەکانی حکومەت، حکومەت دەبێت بە حکومەتێکی کاربەڕێکەر.

یەکێك لەو حاڵەتانەی لە هەرێمی کوردستان بووە بە دیاردە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی نوێیە لە دوای تەواوبوونی خولی هەڵبژاردن و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان، بەهۆی نەبوونی کاتێکی دیاریکراو لە یاساکاندا بۆ ناوهێنانی بەربژێری سەرۆکی حکومەت بۆ پێکهێنانی کابینەکەی.

لە دوای ساڵی 2005هوە هەتا ساڵی 2019 لە دوای ئەنجامدانی هەر چوار خولەکەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێکهێنانی ئەنجومەنی وەزیران دواکەوتووە، خولی هەڵبژاردنی دووەم لە (2005/1/30) ئەنجامدراو کابینەی شەشەم لە (2006/5/7) متمانەی پێدرا، خولی هەڵبژاردنی سێیەم لە (2009/7/25) ئەنجامدراو کابینەی حەوتەم لە (2009/10/28) متمانەی پێدرا، خولی هەڵبژاردنی چوارەم لە (2013/9/21) ئەنجامدراو کابینەی هەشتەم لە (2014/6/18) متمانەی پێدرا، هەروەها خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە (2018/9/30) ئەنجامدراو کابینەی نۆیەم لە (2019/7/10) متمانەی پێدرا.

دوای ئەنجامانی هەڵبژاردنی پەرلەمان پێکهێنانی تەواوی کابینەکان ماوەیەکی زۆری خایاندووە، ئەگەر خولی هەڵبژاردنی پێنجەم بە نموونە وەربگرین، لە (2018/9/30) ئەنجامدرا،و یەکەم دانیشتنی بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام لە (2018/11/6) ئەنجامدرا، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران لە (2019/7/10) متامنەی پێدرا، کابینەی پێشتر هەتا (2018/9/30) دەسەڵاتی تەواوی هەبوو، ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان ئەنجامدانی هەڵژاردن و پێکهێنانی کابینەی نوێ کە زیاتر لە 10 مانگە حکومەت بە شێوەیەکی ئاسایی پیادەی دەسەڵاتەکانی کردووە، بێ ئەوەی متمانەی پەرلەمانی وەرگرتبێت و پەرلەمانێك هەبێت چاودێری کارەکانی بکات، لە کاتێکدا بە پێی بنەماکانی سیستەمی پەرلەمانی و نەبوونی چاودێری لەسەر کارەکانی حکومەت ڕاستەوخۆ حکومەتەکە دەبێتە کاربەڕێکەر.

ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان لە بیرورایەکدا جەخت لەسەر نەبوونی دەق بۆ ئەنجامدانی کارەکانی حکومەت بە شێوەی ئاسایی دەکاتەوە،و بەشێك لە حاڵەتەکانی حکومەتی کاربەڕێکەر دیاری دەکات،120 لە کاتێکدا بە پێی بنەما دەستوورییەکان لە حاڵەتەکانی هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، کۆتایی هاتنی ویلایەتی پەرلەمان، دەست لەکارکێشانەوەی حکومەت و وەرگرتنەوەی متمانە لە حکومەت دەبێتە حکومەتی کاربەڕێکەر، واتە بە پێی بنەما دەستوورییەکان لە حاڵەتی کۆتایی هاتنی ویلایەتی پەرلەمان حکومەت دەبێتە حکومەت کاربەڕێکەر چونکە چەتری رەوایەتی لەدەستداوە.121

پێمانوایە رێکنەخستنی حکومەتی کاربەڕێکەر ئەنجومەنی وەزیرانی لە کارکردن بەشێوەیەکی ئاسایی لە بارودۆخی نەبوونی چاودێر بەسەرییەوە دەستکراوەکردووە، لەکاتێکدا لەو ماوەیەدا ناتوانێت بەشێوەیەکی ئاسایی کارەکانی ئەنجام بدات و دەبێتە حکومەتێکی کاربەڕێکەر.

## کۆتایی

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا لە ژێر ناونیشانی ( چوارچێوەی دەستووریی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە یەکە فیدراڵییەکاندا، هەرێمی کوردستان وەك نموونە) گەیشتین بەم دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی خوارەوە:

**یەکەم: دەرئەنجام**

١- سەربەخۆیی خودی یەکە پێکهێنەرەکانی دەوڵەتی فیدراڵی بە پێی پێبەخشراوی دەستووری فیدراڵی لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی تر،و لە یەکەکانی یەك دەوڵەتدا جیاوازە.

٢- دەستووری یەکەکان گرنگی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی سیستەمی حوکمڕانی و دەسەڵاتەکان دیاری دەکات و ماف و ئازادییەکان رێکدەخات .

٣- سەرباری ئەوەی دەستووری کۆماری عێراقی ساڵی 2005 مافی بوونی دەستوورو دامەزراوە دەستوورییەکانی بە هەرێمی کوردستان بەخشیوە، بەهۆی نەبوونی دەستوور لە هەرێمی کوردستان، دامەزراوە دەستوورییەکان لە نێویاندا دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە یاسای ئاسایی سروشت دەستووری رێکخراوە.

٤- درێژکردنەوەی ماوەی ویلایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن یەکێکە لە گرفتەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێمی کوردستان، کە لە رووی یاساییەوە لە دەسەڵاتی هیچ دامەزراوەیەکدا نییە، بەڵام بە کردەیی چەند جارێك روویداوە.

٥- رێکنەخستنی هۆکارو دەسەڵاتەکانی حکومەتی کاربەڕێکەر ئەنجومەنی وەزیرانی لە بارودۆخی نەبوونی پەرلەمان کە چەتری رەوایەتییەکەیەتی لە ئەنجامدانی کارەکانی بەشێوەیەکی ئاسایی دەستکراوە کردووە.

**دووەم: ڕاسپاردە**

لە دوای خستنەڕووی ناوەڕۆکی توێژینەوە و دەرئەنجامەکانی، ئەم توێژینەوەیە هەڵدەستێت بە خستنەڕووی چەند ڕاسپاردەیەک:

١- دانانی دەستوورێك بۆ هەرێمی کوردستان، چارەسەری بەشێك لە گرفتەکان دەکات، لەبەرئەوەی دامەزراوە دەستوورییەکان بە یاسای ئاسایی رێکخراون و چەندین جار هەموارکراون.

٢- گومانی تێدانییە بوونی دەستوور جۆرێك لە سەقامگیری بە دامەزراوەکانی هەرێم دەبەخشێت، چونکە بەشێوەیەکی گشتی دەستوورەکان دەستووری رەقن بۆ هەموارکردنیان پێویستیان بە رێوشوێنی ئاڵۆز هەیە، واتە بە ئاسانی هەموارناکرێن.

٣- پێکهێنانی دادگای دەستووری لە کەسانی تایبەتمەندو بێلایەن بە مەبەستی دروست جێبەجێکردنی حوکمەکانی دەستوورەکەو یەکلاکردنەوەی ئەو گرفتانەی لە لێکدانەوەی دەقەکانی دەستووردا دێتە ئاراوە.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم/ پەرتوکەکان:**

**آ/ بەزمانی کوردی:**

1- د.خامۆش عمر عبدالله **چوارچێوەی دەستووری و یاسایی هەڵبژاردن** (شەهاب، هەولێر 2016).
2- د. سەرهەنگ حمید بەرزنجی، **گشتگیر لە تیۆری دەستور**، ( هەولێر، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٩).
3- د.کەتران زغیر نعمە **تیۆری دەوڵەت** (و: رەمەزان حەمەدەمین قادر، لە: زمانی عەرەبییەوە، هەولێر، هێڤی 2018).
4- هیوا حامد **رێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان لە هەرێمی کوردستان** (هەولێر، پەرلەمانی کوردستان 2021).

**ب/ بەزمانی عەرەبی:**

1- د.ابراهیم عبدالعزیز **شیحا النظم السیاسیة والقانون الدستوري** (اسکندریة، معارف).
2- احمد سعیفان **الانظمة السیاسیة والمبادئ الدستوریة العامة** (بیروت، منشورات الحلبي الحقوقیة 2008).
3- رائد حمدان عاجب المالکی **الاستقلال الذاتي لولایات الدولة الفدرالیة** (بیروت، دارالسنهوري 2018).
4- حسن مصطفی البحري **القانون الدستوري والنظم السیاسیة** (دیمەشق، 2020).
5- د.حنان محمد القیسي **مجلس الوزراء العراقي قراءة في دستور 2005** (السیسبان ، بغداد 2014).
6- خالید مجید فرج **البعد الفکري للفدرالیة وتطبیقاتها** (سلێمانی، اکادیمیة التوعیة وتأهل الکوادر 2014).
7- د.خاموش عمر عبدالله **نطاق الدساتیر دون الوطنیة** (زین الحقوقیة، بیروت 2022).
8- د.دانا عبدالکریم سعید **دور البرلمان فی الانظمة البرلمانیة المعاصرة** (بیروت, منشورات الحلبي الحقوقیة 2013).
9- د.سوران علي حسن **التنظیم القانوني للوحدات الفدرالیة في العراق** (اربیل، زێر 2017).
10- د.ڤالا فرید **حمایة الحقوق والحریات الدستوریة في ضوء المسؤولیة السیاسیة والجنائیة للسلطة التنفیذیة** (هەولێر، شهاب 2009).
11- عبدالغني بسیونی عبدالله **الوسیط في النظم السیاسیة والقانون الدستوري** (اسکندریة، سعدني 2004).
12- د.علي یوسف الشکري **رئیس الدولة في الاتحاد الفدرالي** (نجف، الفرقان 2009).
13- د.ماجد راغب الحلو **النظم السیاسة والقانون الدستوري** (بغداد، 1981).
14- مارکوس بوکنفوردیە **دلیل عملي لبناء الدساتیر تصمیم السلطة التنفیذیة** (سوید، 2011)24-25.
15- د.محمد طه حسین حسیني **مبادئ القانون الدستوري** (بیروت، زین 2016).
16- د.محمد هماوەند **الفدرالیة والحکم الذاتي واللامرکزیة الاداریة الاقلیمیة** (اربیل، وزارة التربیة 2001).
17- القاضي نبیل عبدالرحمن حیاوي **الدول الاتحادیة الفدرالیة، جزء 6 السلطة التنفیذیة** (المکتبة القانونیة، بغداد 2009).
18- د.نعمان احمد الخطیب **الوسیط في النظم السیاسیة والقانون الدستوري** (عمان، دارالثقافة 2006).
19- د.نوري طالباني **حول مفهوم النظام الفدرالي** (هەولێر، وەزارەتی پەروەردە 2005).
20- هاشم عبدالله محمد **التنظیم الدستوري لاستغلال المواد النفطیة في الدول الفدرالیة** (ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی، 2017).
21- هکار عبدالکریم فندي **الفدرالیة ..مفهوما وتطبیقا** (دهۆك، 2009).

**ت/ بە زمانی ئینگلیزی:**

1- Charle Henry Alexandrowicz, Constitutional Development in India, Oxford University Press, 1957.

2- Yohanes Yitayih, Legistimacy of subnational constitutions in the ethiopiaan federation; The case of amhara regional government constitution, Addis ababa university, School of graduate studies in partial fulfillment of the requirement of degree of master in constitutional and public law, December 2010.
3- Jonathan l.Marshfield, Models of subnational constitutionalism, penn state law review, Vol 115, No4, 2011.
4- Alan Tarr, Expaling sub-national Constitutional Space, Penn state law review, Vol 115; 4, 2011.

**دووەم/ تێزی دكتۆرا و ماستەرنامە زانكۆییەكان:**

1- ابراهیم محمد احمد **پێوەرە نوێیەكانی دانانی دەستووری دیموكراتی** (ماستەر نامە، زانكۆی سۆران 2022).
2- بیریڤان رمزی سعید "**تعديل الدستور في الدولة الفدرالية"** (ماستەرنامە، زانكۆی صلاح الدین، 2006**)**.
3- جتو اسماعيل مجيد "**السلطة التنفيذية في الدولة الفدرالية واشكالتها في العراق"** (ماستەرنامە، زانكۆی سلێمانی، 2010**)**.
4- سناء محمد سدخان البيضائي " **توزيع الاختصاصات المالية بين السلطة الاتحادية والأقاليم والمحافظات (العراق أنموذجا)"** (دكتۆرانامە، زانكۆی تكريت، 2012**)**.
5- عبدالرحمن سليمان زێباری "**السلطة القضائية في النظام الفدرالي العراقي"** (ماستەرنامە، زانكۆی صلاح الدین، 2008).
6- عبدالمنعم احمد ابو طبيخ "**توزيع الاختصاصات في الدولة الفدرالية"** (ماستەرنامە، الاكاديمية العربية المفتوحة في دانمارك، 2009).
7- لطيف مصطفى امين " **تمديد ولايات المجالس النيابية"** (4)2 [المجلة الاكاديمية] (2020).

**سێیەم/ توێژینەوە زانستییە بڵاوكراوەكان:**

1- ابراهیم صالح قادر البرزنجی، دساتیر الاقالیم فی النظم الفدرالیه، مكانتها و طبیعتها، المؤتمر العلمی الدولی نحو دستور معاصر لأقلیم كوردستان- العراق، فاكلتی العلوم الانسانیه والاجتماعیه، جامعه كوریه، 2019.
2- د. باقر عبدالكاظم علي الكرعاوي **"الرقابة على وزارة تصريف الأمور اليومية"** 56 [الفنون والادب وعلوم الانسانيات والاجتماع] (2020).
3- د.شیرزاد النجار، تنظیم العلاقه بین الاتحاد والولایات (دستور ولایه بافاریا انموذجا، مجله قضایا سیاسیه، العدد (56)، جامعه النهرین، 2019.
4- د.عابد خالد رسول، المجلس التشریعی الثانی فی الدوله الفدرالیه، السلیمانیه، مركز كردستان للدراسات الاستراتیجیه، 2013.
5- د.عادل الطبطبائي **الاستقلال الذاتي لولايات الدولة الاتحادية"** 1 [الحقوق] (1980.
6- عباس لطيف كريم العبيدي " **الفدرالية في العراق (دراسة في تجربة إقليم كردستان بعد عام 2003)"** (ماستەرنامە، زانكۆی تكريت، 2015).
7- د.عثمان علي حسن ويسي **" الاختصاص التشريعي لرئيس الدولة في النظام البرلماني"** 1 [مجلة دراسات قانونية وسياسية –] (2021)
8- كیمانا زولویتا – فولشر وآسانغا ویلیكالا، الدساتیر دون الوطنیه فی البلدان الهشه والمتضرره من النزاعات، المؤسسه الدولیه للدیمقراطیه والانتخابات، 2017.

**چوارەم / سەرچاوە ئەلیكترۆنییەكان:**

1 - یوریدیسی Eurydice "**Switzerland**" (23ی حوزەیرانی 2022) <https://eurydice.eacea.ec.europa.eu> بەرواری سەردان 12ی ئابی 2022.
2 - SHREAMERICA "**الحكومة المحلية: رؤساء البلديات والشرطة ومجالس المدارس تنجز المهمة**" (20 شوباتی 2020) <https://share.america.gov/> 1 ئایاری 2022.
3 - NATIONAL GOVERNORS ASSOCIATION "**Governors' Powers & Authority**" () <https://www.nga.org/governors/powers-and-authority/> 13 ئایاری 2022.

4 - CHERYL SAUNDERS "**Legislative, Executive, and Judicial Institutions: A Synthesis**" (7ی ئازاری 2016) <https://forumfed.org> بەرواری سەردان 20 تشرینی یەکەمی 2022.

5 - Christina Murray "**Republic of South Africa**" (1ی کانونی دووەمی 2006) <https://www.academia.edu/> بەرواری سەردان 18 تشرینی دووەمی 2022.

6 - Government communications "**South Africa Yearbook 2020/21, Iternational Relations**" (20 شوباتی 2020) <https://www.gcis.gov.za/south-africa-yearbook-202021> 10 حوزەیرانی 2022.

7 - طارق حرب "**لايجوز تمديد عمر برلمان**" (العراق نت، 23ی حوزەیرانی 2018) <https://aliraqnet.net> بەرواری سەردان 20ی ئەیلولی 2022.

**پێنجەم/ دەستورەکان:**

1- دەستوری کۆماری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.
2- یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی ٢٠٠٤.
3- دەستووری ویلایەتی ئەریزۆنا، ساڵی 1910.
4- دەستووری باشووری ئەفریقیا، ساڵی 1996.
5- دەستووری ویلایەتی پێنسلڤانیا، ساڵی 1968.
6- دەستووری پورتوگال، ساڵی 1976.
7- دەستووری ویلایەتی ساراواك، ساڵی 1941.
8- دەستووری سویسرا، ساڵی 1999.
9- دەستووری کەنەدا، ساڵی 1867.
10- دەستووری ویلایەتی میسیسیپی، ساڵی 1890.
11- دەستووری ویلایەتی نیویۆرك، ساڵی 1938.
12- دەستووری هند، ساڵی 1949.
13- دەستووری ویلایەتی واشنتن، ساڵی 1889.
14- دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ساڵی 1787.

**شەشەم/ یاسا و پەیڕەوەکان:**

1- یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ژمارە 1ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.
2- یاسای هەڵبژاردنی سەرکردەی رزگاریخوازی بزووتنەوەی کورد، ژمارە (2)ی ساڵی 1992.
3- یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە 3ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.
4- یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005.
5- یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (19)ی ساڵی 2013،
6- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ساڵی 2018.
7- یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندکردنی دەستوور، ژمارە (1)ی ساڵی 2019.
8- یاسای ژمارە (12)ی ساڵی 2021 "یاسای نیشان و میدالیا لە هەرێمی کوردستان – عێراق".
9- رای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان، ژمارە (2013/34) لە (2013/9/29).
10- یاسای ژمارە (13)ی ساڵی 2008 "قانون الاجراءات التنفيذية الخاصة بتكوين الاقاليم".

**حەوتەم/ بڕیارە دادوەرییەکان:**

1- بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ژمارە 29/ فیدراڵی/2009 لە 2009/5/13.

2- بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق ژمارە 8 / فیدراڵی/2018 لە 2018/1/21.

---

1 هاشم عبدالله محمد **التنظيم الدستوري لاستغلال المواد النفطية في الدول الفدرالية** (ماستەرنامە، زانكۆی سلێمانی، 2017)7.

[2] د.محمد هماوند **الفدرالية والحكم الذاتي واللامركزية الادارية الاقليمية** (اربيل، وزارة التربية 2001) 199.

[3] د.محمد طه حسين حسيني **مبادئ القانون الدستوري** (بيروت، زين 2016) 101. نووسینی خۆی نییە

[4] د.سوران علي حسن **التنظيم القانوني للوحدات الفدرالية في العراق** (اربيل، ژیر 2017) 99.

[5] د.عادل الطبطبائي **الاستقلال الذاتي لولايات الدولة الاتحادية"** 1 [الحقوق] (1980) 91، 94-95.

[6] سناء محمد سدخان البيضائي " **توزيع الاختصاصات المالية بين السلطة الاتحادية والأقاليم والمحافظات (العراق أنموذجا)"** (دكتۆرانامە، زانكۆی تكریت، 2012) 39-40.

[7] هكار عبدالكريم فندي **الفدرالية ..مفهوما وتطبيقا** (دهۆك، 2009) 87.

[8] د.كەتران زغیر نعمە **تیۆری دەوڵەت** (و: ڕەمەزان حەمەدەمین قادر، لە: زمانی عەرەبییەوە، هەولێر، هێڤی 2018) 101.

[9] جتو اسماعيل مجيد **"السلطة التنفيذية في الدولة الفدرالية واشكالاتها في العراق"** (ماستەرنامە، زانكۆی سلێمانی، 2010) 11.

[10] بیریڤان رمزی سعید **"تعديل الدستور في الدولة الفدرالية"** (ماستەرنامە، زانكۆی صلاح الدين، 2006) 67.

[11] د.خاموش عمر عبدالله **نطاق الدساتير دون الوطنية** (زين الحقوقية، بيروت 2022) 68.

[12] دەستووری كۆماری عێراق 2005، مادەی 120.

[13] عبدالمنعم احمد ابو طبيخ **"توزيع الاختصاصات في الدولة الفدرالية"** (ماستەرنامە، الاكاديمية العربية المفتوحة في دانمرك، 2009) 31.

[14] د. عبدالغني بسيونى عبدالله **الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري** (اسكندرية، سعدني 2004) 115.

[15] د.ماجد راغب الحلو **النظم السياسة والقانون الدستوري** (بغداد، 1981) 132-133.

[16] دەستووری كەنەدا، ساڵی 1867ی هەمواركراو، مادەی 71،69.

[17] عبدالرحمن سليمان زێباری **"السلطة القضائية في النظام الفدرالي العراقي"** (ماستەرنامە، زانكۆی صلاح الدين، 2008) 17.

[18] دەستووری ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، ساڵی 1787.

[19] دەستووری باشووری ئەفریقیا، ساڵی 1996، مادەی 104-125

[20] دەستووری كۆماری عێراق 2005، مادەی 121، بڕگەی 1.

[21] د.نوري طالباني **حول مفهوم النظام الفدرالي** (هەولێر، وەزارەتی پەروەردە 2005) 52.

د.محمد هماوند، سەرچاووی پێشوو، 202.

[22] د.ماجد راغب الحلو، سەرچاووی پێشوو، 133.

[23] دەستووری ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، ساڵی 1787، مادەی 4، بڕگەی 4.

[24] دەستووری سویسرا، ساڵی 1999، مادەی 47، بڕگەی 2، مادەی 51، بڕگەی 1.

[25] عباس لطيف كريم العبيدي " **الفدرالية في العراق (دراسة في تجربة إقليم كردستان بعد عام 2003)"** (ماستەرنامە، زانكۆی تكریت، 2015) 37.

[26] د.محمد هماوند، سەرچاوەی پێشوو، 202-203.

[27] دەستووری كۆماری عێراق 2005، مادەی 121، بڕگەی 1.

[28] د.سوران علي حسن، سەرچاوەی پێشوو، 39.

[29] د.محمد هماوند، سەرچاوەی پێشوو، 203.

[30] د.نعمان احمد الخطيب **الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري** (عمان، دارالثقافة 2006) 94.

[31] دەستووری كۆماری عێراق 2005، مادەی121، برگەی 1.

[32] خالید مجید فرج **البعد الفكري للفدرالية وتطبيقاتها** (سلێمانی، اكاديمية التوعية وتأهل الكوادر 2014) 82.

[33] Charle Henry Alexandrowicz, Constitutional Development in India, Oxford University Press, 1957, p169.

[34] د.عادل الطبطبائي **الاستقلال الذاتي لولايات الدولة الاتحادية"** 1 [الحقوق] (1980) 91، 106.

[35] هكار عبدالكريم فندي، سەرچاوەی پێشوو، 91.

[36] رائد حمدان عاجب المالكي **الاستقلال الذاتي لولايات الدولة الفدرالية** (بيروت، دارالسنهوري 2018) 144.

[37] دەستووری كۆماری عێراق 2005، مادەی121، برگەی سێیەم.

[38] Yohanes Yitayih, Legistimacy of subnational constitutions in the ethiopiaan federation; The case of amhara regional government constitution, Addis ababa university, School of graduate studies in partial fulfillment of the requirement of degree of master in constitutional and public law, December 2010, P31.

[39] كيانا زولويتا – فولشر وآسانغا ويليكالا، الدساتير دون الوطنيه فى البلدان الهشه والمتضرره من النزاعات، المؤسسه الدوليه للديمقراطيه والانتخابات، 2017، ص6.

Jonathan l.Marshfield, Models of subnational constitutionalism, penn state law review, Vol 115, No4, 2011, p1153. [40]

[41] د.شيرزاد النجار، تنظيم العلاقه بين الاتحاد والولايات (دستور ولايه بافاريا انموذجا، مجله قضايا سياسيه، العدد (56)، جامعه النهرين، 2019، 124.

[42] د.عابد خالد رسول، المجلس التشريعى الثانى فى الدوله الفدراليه، السليمانيه، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه، 2013، 19.

[43] ابراهيم صالح قادر البرزنجى، دساتير الاقاليم فى النظم الفدراليه، مكانتها و طبيعتها، المؤتمر العلمى الدولى نحو دستور معاصر لأقليم كوردستان- العراق، فاكلتى العلوم الانسانيه والاجتماعيه، جامعه كوريه، 2019، 77.

[44] كيانا زولويتا – فولشر وآسانغا ويليكالا، سەرچاوەی پێشوو، 6.

[45] Alan Tarr, Expaling sub-national Constitutional Space, Penn state law review, Vol 115; 4, 2011, P1134.

[46] د.خاموش عمر عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، 61.

[47] رائد حمدان عاجب المالكى، سەرچاوەی پێشوو، 144.

[48] دەستووری كۆماری عێراق ساڵی 2005، مادەی 13، بڕگەی 2.

[49] یاسای ژمارە (13)ی ساڵی 2008 "قانون الاجراءات التنفيذية الخاصة بتكوين الاقاليم"، مادەی 18.

[50] ابراهيم محمد احمد **پێوەرە نوێیەكانی دانانی دەستووری دیموكراتی** (ماستەر نامە، زانكۆی سۆران 2022) 154-156.

[51] دەستووری كۆماری عێراق 2005، مادەی 121، بڕگەی 1.

[52] یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە 2004، مادەی 53 بڕگەی أ، مادەی 54 بڕگەی أ.

دەستووری كۆماری عێراق 2005، مادەی 117،141.

[53] دەستووری كۆماری عێراق 2005، مادەی 120.

[54] دەستووری ویلایەتی ساراواك، ساڵی 1941، مادەی 1، بڕگەی 1.

[55] دەستووری هند، ساڵی 1949، مادەی 155.

[56] دەستووری كەنەدا، ساڵی 1867، مادەی 58.

[57] یاسای هەڵبژاردنی سەركردەی رزگاریخوازی بزووتنەوەی كورد، ژمارە (2)ی ساڵی 1992.

[58] یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005.

[59] یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005، مادەی 17.

[60] د.خامۆش عمر عبدالله **چوارچێوەی دەستووری و یاسایی هەڵبژاردن** (شەهاب، هەولێر 2016) 315.

[61] یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمواركراو، مادەی 2 ،4.

[62] یاسای كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندكردنی دەستوور، ژمارە (1)ی ساڵی 2019، مادەی 3.

[63] یاسای كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندكردنی دەستوور، ژمارە (1)ی ساڵی 2019، مادەی 4، بڕگەی یەكەم،1.

[64] یاسای كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندكردنی دەستوور، ژمارە (1)ی ساڵی 2019، مادەی 4، بڕگەی یەكەم،2.

[65] یاسای كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندكردنی دەستوور، ژمارە (1)ی ساڵی 2019، مادەی 4، بڕگەی یەكەم،3و4.

[66] یاسای كاراكردنەوەی دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق و هەمواری شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك تا پەسەندكردنی دەستوور، ژمارە (1)ی ساڵی 2019، مادەی 4، بڕگەی یەكەم،5و6.

67 دەستووری ویلایەتی ساراواك، ساڵی 1941، مادەی 1، بڕگەی 4.

[68] دەستووری كەنەدا، ساڵی 1867، مادەی 61.

[69] یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمواركراو، مادەی 9.

[70] یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمواركراو، مادەی10، بڕگەی 3.

[71] یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمواركراو، مادەی10، بڕگەی 4.

[72] یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمواركراو، مادەی10، بڕگەی 12.

[73] یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمواركراو، مادەی10، بڕگەی 1، یەكەم.

[74] یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمواركراو، مادەی10، بڕگەی 1، دووەم.

[75] یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمواركراو، مادەی10، بڕگەی 5.

[76] یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمواركراو، مادەی10، بڕگەی 6.

[77] یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمووارکراو، مادەی10، بڕگەی 7.

[78] یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمووارکراو، مادەی10، بڕگەی 10.

[79] یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمووارکراو، مادەی10، بڕگەی 11.

[80] یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمووارکراو، مادەی10، بڕگەی 17و18.

[81] یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمووارکراو، مادەی10، بڕگەی 8.

[82] یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمووارکراو، مادەی2.

[83] یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمووارکراو، مادەی10، بڕگەی 18.

یاسای ژمارە (12)ی ساڵی 2021 "یاسای نیشان و میدالیا لە هەرێمی کوردستان – عێراق".

[84] یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمووارکراو، مادەی10، بڕگەی 15.

[85] یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمووارکراو، مادەی10، بڕگەی 16.

[86] احمد سعيفان الانظمة السياسية والمبادئ الدستورية العامة (بيروت، منشورات الحلبي الحقوقية 2008)، 442.

[87] ماركوس بوكنفورديه **دليل عملي لبناء الدساتير تصميم السلطة التنفيذية** (سويد، 2011)24-25.

دستور البرتغال 1976، مادەی 187، بڕگەی 1، لە 2004هوە

[88] د.عثمان علي حسن ويسي **" الاختصاص التشريعي لرئيس الدولة في النظام البرلماني"** 1 [مجلة دراسات قانونية وسياسية –] (2021) 299، 311.

د.ابراهيم عبدالعزيز شيحا، سەرچاوەی پێشوو، 670.

[89] یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ژمارە 1ی ساڵی 1992ی هەمووارکراو، مادەی 56، بڕگەی 3

[90] یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە 1ی ساڵی 2005ی هەمووارکراو، مادەی 10، بڕگەی 12.

[91] حسن مصطفى البحري **القانون الدستوري والنظم السياسية** (دیمەشق، 2020) 279.

د.ڤالا فريد **حماية الحقوق والحريات الدستورية في ضوء المسؤولية السياسية والجنائية للسلطة التنفيذية** (هەولێر، شهاب 2009) 215.

[92] یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ژمارە 1ی ساڵی 1992ی هەمووارکراو، مادەی 56، بڕگەی 4.

[93] یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە 3ی ساڵی 1992ی هەمووارکراو، مادەی 5.

[94] یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە 3ی ساڵی 1992ی هەمووارکراو، مادەی 8، بڕگەی 1.

[95] یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە 3ی ساڵی 1992ی هەمووارکراو، مادەی 8، بڕگەی 1.

[96] یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە 3ی ساڵی 1992ی هەمووارکراو، مادەی 13.

[97] د.حنان محمد القيسي **مجلس الوزراء العراقي قراءة في دستور 2005** (السيسبان ، بغداد 2014) 116.

[98] یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە 3ی ساڵی 1992ی هەمووارکراو، مادەی 8، بڕگەی 2.

[99] د.دانا عبدالكريم سعيد **دور البرلمان فی الانظمة البرلمانية المعاصرة** (بيروت, منشورات الحلبي الحقوقية 2013) 91.

100 هیوا حامد **ڕێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان لە هەرێمی کوردستان** (هەولێر، پەرلەمانی کوردستان 2021) 63-64

[101] یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە 3ی ساڵی 1992ی هەمووارکراو، مادەی 8، بڕگەی 4.

[102] یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە 3ی ساڵی 1992ی هەمووارکراو، مادەی 8، بڕگەی 7.

[103] یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە 3ی ساڵی 1992ی هەمووارکراو، مادەی 8، بڕگەی 8.

[104] یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە 3ی ساڵی 1992ی هەمووارکراو، مادەی 8، بڕگەی 11.

[105] د.احمد سعيفان، سەرچاوەی پێشوو،487.

[106] د.علي يوسف الشكري **رئيس الدولة في الاتحاد الفدرالي** (نجف، الفرقان 2009) 109.

107 القاضي نبيل عبدالرحمن حياوي **الدول الاتحادية الفدرالية، جزء 6 السلطة التنفيذية** (المكتبة القانونية، بغداد 2009) 27.

THE CONSTITUTION OF THE STATE OF SARAWAK, 1941, Part 1, Chaapter1, Article1, Section 2. 108

109 دەستووری هند، ساڵی 1949، مادەی 156، بڕگەی 1.

دەستووری کەنەدا، ساڵی 1867، مادەی 59.

110 دەستووری ویلایەتی نیویۆرک، ساڵی 1938، مادەی 4، بڕگەی 1.

دەستووری ویلایەتی میسیسیپی، ساڵی 1890، مادەی 116.

دەستووری ویلایەتی واشنتۆن، ساڵی 1889، مادەی 3، بڕگەی 2.

دەستووری ویلایەتی پێنسلڤانیا، ساڵی 1968، مادەی 4، بڕگەی 3.

111 دەستووری ویلایەتی ئەریزۆنا، ساڵی 1910، مادەی 5، بڕگەی 1.

112 یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمووارکراو، مادەی3.

113 یاسای درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق، ژمارە (19)ی ساڵی 2013، مادەی 1-2.

[114] لطيف مصطفى امين " **تمديد ولايات المجالس النيابية"** (4)2 [المجلة الاكاديمية] (2020) 326، 354-355.

[115] دەستووری کۆماری عێراق 2005، مادەی 56، برگەی یەکەم.

قرار المحكمة الاتحادية العليا رقم (29-2009) في 2009/5/13.

قرار المحكمة الاتحادية العليا رقم (8-2018)

[116] طارق حرب **"لايجوز تمديد عمر برلمان"** (العراق نت، 23ی حوزەیرانی 2018) <https://aliraqnet.net> بەرواری سەردان 20ی ئەیلولی2022.

[117] د. باقر عبدالكاظم علي الكرعاوي "**الرقابة على وزراة تصريف الامور اليومية**" 56 [مجلة الفنون والادب وعلوم الانسانيات والاجتماع] (2020) 129.

[118] نظام داخلي برلمان 2018 مادةی 75 74

[119] یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان مادەی 56.

[120] رای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان، ژمارە (2013/34) لە (2013/9/29).

[121] د.خامۆش عمر عبدالله "**چوارچێوەی دەستووری و یاسایی هەڵبژاردن**" 218.